# کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی لە سەر دامەزراندن و بنیادنانی نشینگەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٦٠٠-١٧٣٢

## توێژینەوەیەکی مێژووییە

د. هیوا حەمید شەریف
زانکۆی کۆیە . فاکەلتی پەروەردە
بەشی مێژوو

### پێشەکی

**بایەخی توێژینەوەکە:**

ئایین زۆربەی کات لە مێژوودا ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بینیوە . لەبەرئەوەی کاریگەری گەورەی بە سەر کۆمەڵگاکاندا هەبووە وە یەکێک بووە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەو کۆڵەکەیە ئەگەر لەلایەن کۆمەڵگاکانەوە بە شێوەیەکی تەندروست ئاڕاستە کرا بێت ئەوە ئەنجامی کاریگەری لە بنیادنان و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لێکەوتۆتەوە، پێچەوانەکەشی دەرئەنجامی ترسناکی هەبووە. بەو پێیەی ئایین ڕۆڵێکی گرنگی لە دامەزراندن و بنیادنانی نشینگەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووە، بۆیە توێژینەوە لە سەر ئەم مێژووە پێویستە، چونکە توێژینەوەی لەم جۆرە زانیاری تازە و دەگمەنی تێدا دەخرێتەڕوو.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بابەتی توێژینەوەکە تازەیە و پێشوتر لە کوردستان و عێراق لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە، چەندان ڕووداو و پێشهاتی لە خۆگرتوە، کە بۆ یەکەم جارە لە توێژینەوەیەکی زانستی دەخرێتەڕوو کە گرنگیەکی زۆری بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق هەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری ئایین لە دروستکردنی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، بە تایبەتی کاریگەری ئەو گروپ و مەزهەبە ئایینیانەی کە بە

شێوەیەکی میانڕەوانە و لێبوردانە بیروباوەڕە ئایینیەکەی خۆیان بە کاردەهێنا و ڕۆڵی گەورەیان لە بنیادنان و پێشخستنی نشینگەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە تازە دۆزراوەکان بینی .

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نوسینەوەی ئەم توێژینەوە سوود وەرگرتن بووە لە ڕێباز و توێژینەوەی مێژوویی، کە بریتی بووە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی گرنگ و بەڵگەی دروست و پێویست بە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو زانیارییە کۆکراوەکان و شیکردنەوە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانیان.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە پەیوەست بوو بە بەدەستهێنانی سەرچاوەی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە دەروازە و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

دەروازە: تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو ململانێ ئایینیەی سەرەتا لە ئەوروپا لە نێوان گروپ و مەزهەبە جیاوازەکان ڕوویدا و هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ کۆچکردنی بەشێک لە دانیشتوانی ئەوروپا بۆ ئەمریکا.

بەشی یەکەم: ناونیشانەکەی کە بریتیە لە(کاریگەری ململانێی ئایینی لە سەر دامەزراندنی نشینگەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، یەکەمیان: باس لە سەرەتای کۆچکردنی گروپ و مەزهەبە ئایینیەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دامەزراندنی نشینگەکان دەکات. لە تەوەرەی دووەمیش: ئاماژە بە ناکۆکیە ئایینیەکانی نێوان کۆچکردووان و دامەزراندنی چەند نشینگەیەکی تازە کراوە.

بەشی دووەم: کە ناونیشانەکەی : بارودۆخی ئایینی و ڕۆڵی لە بنیادنان و پێشخستنی نشینگەکانە، بە هەمان شێوە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، یەکەمیان : بارودۆخی نیشینگەکانی لە نێوان توندڕەویی و لێبوردەیی ئایینی لە خۆگرتوە. لە دووەمیشیاندا : ڕۆڵی ئایین لە بنیادنان و پێشخستنی نشینگەکان خراوەتەڕوو.

## گرنگترین سەرچاوەکان:

نوسینەوەی ئەم تویژینەوەیە بە سوود وەرگرتن بووە لە چەندان سەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەشێکیان بە زمانی ئینگلیزی و ئەوانی دیکەش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبین. هەندێک لە سەرچاوەکان زانیاری دەگمەنیان تێدا بوون و سوودی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیراوە، لەوانە: سەرچاوەی ئینگیزی(istoryH Investiating Amercan) کە لەلایەن (Marion – Howard Brody) نوسراوە. یەکێکی تر لەو سەرچاوە گرنگانەی لەم توێژینەوە سوودی زۆری لێوەرگیراوە کتێبەکەی( هنری بامفورد بارکیز)ە کە زانیاری دەگمەنی دەربارەی ئەو قۆناغە تێدابوو کە توێژینەوەکە کاری لە سەر کردووە، هەروەها سوود لە کتێبەکانی( فرحات زيادە و ابراهيم فريجي بە ناوی: تاريخ الشعب الامريكي– فريشتە نورائی بە ناونیشانی: مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا، و د. سەعدی عوسمان هەروتی بە ناونیشانی: مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) وەرگیراوە.

### دەروازە: ململانێی بیروباوەڕە ئایینیەکان لە ئەوروپا و ڕەنگدانەوەی لە سەر کۆچی دانیشتوان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری بیروباوەڕە ئایینیەکان لە سەر نیشتەجێبوون ودامەزراندنی نشینگەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئەو ڕووداو و ململانێ ئایینیانەی کە لە سەرەتای سەدەی شازدەمەوە لە ئەوروپا سەریانهەڵدا، چونکە هەموو ئەو کەس و گروپانەی لە سەرەتادا بۆ ئەمریکا کۆچیان کرد و تێدا نیشتەجێبوون، لە بنچینەدا لە ئەوروپاوە هاتبوون و بیروباوەڕ و داب و نەریت و یاساکانیشیان درێژەپێدەری هەمان کۆمەڵگا بوون و یەکێک هۆکارە سەرەکیەکانی کۆچکردنیشیان ناکۆکیە ئایینیەکان بوو.

بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی کە لە سەرەتای سەدەی شازدەوە لە ئەوروپا دژی کڵێسای کاسۆلیکی دەستیپێکرد و گرنگیەکەی لە ڕێنسانس کەمتر نەبوو، بە گەورەترین بزووتنەوەی ئایینی لە مێژووی مەسیحیەت دادەنرێت(حاطوم،١٨٩:١٩٦٨). کڵێسای کاسۆلیکی کە تا کۆتاییەکانی سەردەمی ناوەڕاست دەسەڵاتی خۆی پاراست بوو، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەم

بـزووتنەوەیە بـۆ دوو بەشـی دژ بەیەک دابەشـبوو، تەنیـا لە مـاوەی چەنـد ساڵێکیشـدا بەشـێکی فـراوان لە نـاوچە و هەرێمەکـانی ئەوروپـا لە ژێـر دەسـەڵاتی پاپـا و کڵێسـای کاسـۆلیکی دەرچـوون، ڕەوتە چاکسـازییە ئـایینیەکەش خـۆی لە سـەرهەڵدانی مەزهەبێکـی ئـایینی تـازە بینـیەوە کە بە (پرۆتسـتانت)[*] ناسـرا، ئەمەش چەنـد لقێکـی سـەرەکی لـێکەوتەوە، لەوانە (لۆسـەری) [**]کە لە ئەڵمانیـا سـەریهەڵدا و لە ناوچەکـانی بـاکوری ئەوروپـا بڵاوبـووەوە (Jackson،1966;417)؛ (زوینکلـی) [***]و(کـالڤینی) [****]لە سویسرا و فەرەنسا و هۆڵەندا و باکوری سکۆتلەندا بڵاوبووەوە، جگە لەمـانە چەند بیروباوەڕێکی ئایینی دیکەش لە ناوچە و هەرێمەکانی ئەوروپا لەوانە هەردوو بیروباوەڕی ئەنکلیکانی[*]و پیۆریتـانی[**]لە ئینکلـتەرا.(شکری، ١٩٥٦: ٩٤؛ ئەحمەد، ٢٠٠٧: ١٢) .

---

[*]- ئەم زاراوەیە لە ئەنجـامی هەڵوێسـتی ئەو میـرانە دروسـت بـوو کە لایەنگـری (مـارتن لۆسـەر)بوون و لەگەڵ چـواردە هەرێمـی ئەڵمانیـا لە ٢٥ی نیسـانی١٥٢٩دژی بڕیـارێکی زۆریـنەی کاسـۆلیکەکان دەریـانبڕی، واتە نـاڕەزایی- Protestدەربـڕین، لەمەوە زاراوەی پرۆتستانت سەریهەڵدا و بەوانە دەوترا کە لە کڵێسای کاسۆلیکی جیابوونەوە(بـارکیز،٢٠١٣: ٤٣؛ حاطوم،١٩٦٨: ١٧١).

[**]- ناوی ئەم لقە بۆ دامەزرێنەرەکەی (مارتن لۆسەر١٤٨٣ـ ١٥٤٦) دەگەڕێتەوە کە ڕاهیب و مامۆستای زانکۆی وتنبرک بوو ، جیابوونەوەی مەزهەبی پرۆتستانتی لە کڵێسای کاسولیکی بە هەڵوێستێکی ناوبراو لە٣١ی تشرینی یەکەمی ١٥١٧ دەستی پێکرد کاتێک (٩٥) مـادەی دژی کارتی لێبوردن لە دەرگای کڵێسای وتنبرک هەڵواسی(شکری ـ أنیس، ١٩٥٦: ٩٤) .

[***] - ئەمەش لقێکی دیکەی ئایینی بوو کە لە کڵێسای کاسۆلیکی جیابوونەوە، ناوەکەشی بـۆ نـاوی دامەزرێنەرەکەی(ئـۆلریچ زوینکلـی) دەگەڕێـتەوە، ئەم بیروبـاوەڕە سـەرەتا لە شاری(زیوریخ)ی سویسرا لە ساڵی ١٥١٧سەریهەڵدا، پاشان ئەڵمانیا و نەمسا و فەرەنسـای گرتەوە(دیورانت، ١٩٨٨: ١١٠- ١١٧).

[****] - دامەزرێنەری ئەم لقە لە بیروبـاوەڕی پرۆتسـتانتی (جـۆن کـاڤن)ە کە خەڵکـی فەرنسـا بوو، ساڵی ١٥٣٦ بۆ یەکەم جار لە سویسرا بنەماکانی بیروباوەڕەکانی ڕاگەیاند، بەپێی ئەم بیروباوەڕە جەژنەکان و ئاهەنگەکان و مەی خواردنەوە قەدەغە بـوو، ئەم بیروبـاوەڕە جگە لە سویسـرا لە هەر یەک لە هۆڵـندا و فەرنسـا و سـکۆتلەندا و پۆلـندا و ڕۆمانیـا و هەنگاریـا بڵاوبووەوە (Hayes, 1963: 357 -358 ).

[*]- ئەم بیروبـاوەڕە زیـاتر لە ئەنجـامی کێشـەی سیاسـی نێـوان پادشـای ئینکلتەرا(هنـری هەشـتەم ١٥٠٩- ١٥٤٧) و پاپـا کلمنسـی حەوتەم سـەریهەڵدا،

هاوكات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو بیروباوەڕە ئایینیانە جەنگێكی خوێناوی درێژخایەن لە ئەوروپا دەستی پێكرد و چەند بەرەیەكی ئایینی دژ بەیەكی تێدا دروست بوو كە دیارترینیان كڵێسای كاسۆلیكی بوو، پیاوانی ئایینی سەر بەم كڵێسایە هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستێكی توندیان بەرامبەرئەو بیروباوەڕانە گرتەبەر كە سەریانهەڵدا بوو. لە ڕاستیدا ناكۆكی و ململانێیە ئایینیەكان تەنیا لە نێوان كڵێسای كاسۆلیكی و ئەو بیروباوەڕە تازانە نەبوو، بەڵكو نێوانی بیروباوەڕە تازە سەرهەڵداوەكانیشی گرتبووەوە، ئەمەش هەزاران قوربانی لێكەوتەوە و بە هەزارانی دیكەشی ناچار كرد شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبهێڵن و ڕووە و ئەو ناوچانە كۆچ بكەن كە توند و تیژی و ڕێگری ئایینی تێدا نەبوو. لەم سۆنگەیەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەم جیهانە تازە دۆزراوەبوو(***)كە لەلایەن ئەوانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبوونەوە وەك پەناگەیەكی ئارام سەیر دەكرا، بۆیە ژمارەیەكی زۆر لە ئەوروپیەكان لە ماوەیەكی دیاریكراودا ڕوویان تێكرد(صالح،١٩٨٢: ٥١٢؛ نوار- جمال الدین،٢٠٠٥: ٣٢).

لە نێوان هەموو ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی ڕۆڵیان لە نیشتەجێبوون و ئاوەدانكردنەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەبوو، ئینگلتەرا پشكی گەورەی بەردەكەوێت، چونكە ئەوان پێش هەموو ئەوانی دیكە لەم ناوچانە

---

سەرئەنجام لە ساڵی ١٥٣٤لە ڕێگای بڕیاری پەرلەمانەوە (هنری هەشتەم) جیابوونەوەی كڵێسای ئینگلیزی لە كڵێسای ڕۆما ڕاگەیاند، بەمەش بیروباوەڕی ئەنگلیكانی هاتەكایەوە ( ئەحمەد،٢٠٠٧: ١٠٢).

**- پیۆریتانەكان ئەو ئینگلیزانە بوون كە كاریگەری بیروباوەڕی (كالڤن) یان لە سەر بوو ، بۆیە لە كڵێسای ئەنكلیكانی جیابوونەوە، مانای وشەی(پیۆریتان)یش لە بیروباوەڕەكەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، كە بانگەشەی پاككردنەوەی كڵێسایان دەكرد بۆیە بە پاكەكان – پیۆریتان ناویان دەركرد، سەرەتای دەركەوتنی ئەم گروپە بۆ ساڵی ١٥٥٩ دەگەڕێتەوە كاتێك دژی (یاسای یەكخستنی پەرستن) وەستانەوە كە لەلایەن شاژن(ئەلیزابێس) بڕیاری لە سەر درا بوو( باركیز، ٢٠١٣: ٥٣؛ Dunstan, 1961:100-101 ).

*** - ئەم ناوچانە بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٤٩٢ لەلایەن (كرستۆف كۆلۆمبس)ی دەریاوانی بە ڕەگەز ئیتالی دۆزرایەوە، ئینگلیزەكان بە نزیكەی سەدە و نیوێك دوای ئەم مێژووە دەستیان بە ئاوەدانكردنەوە ی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و دامەزراندنی نشینگەكان كرد ( Lars Martens: Owl – Online Smiley 0524@ Owl- Onlie.de).

نیشتەجێبوون، کۆچی ئینگلیزەکان بەرەو ناوچەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و ئایینیە دەگەڕایەوە کە لە وڵاتەکەیان لە ئارادا بوو، بە تایبەتی ئەو ململانێ ئایینیەی لە نێوان هەردوو بیروباوەڕی ئایینی ئەنکلیکانی و پیوریتانەکان هەبوو(بارکیز،٢٠١٣:٥٤ ـ ٥٥؛ .( 2009:8،Brirf

**بەشی یەکەم: کاریگەری ململانێی ئایینی لە سەر دامەزراندنی نشینگەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا.**

تەوەرەی یەکەم: سەرەتای کۆچکردنی گروپ و مەزهەبە ئایینیەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دامەزراندنی نشینگەکان:

کۆچکردنی گروپ و مەزهەبە ئایینیەکان لە ئەوروپا بە گشتی و لە ئینگلتەرا بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمی زایینیەوە دەستیپێکرد، یەکەم گروپی ئایینیش کە ڕێگای کۆچیان بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتەبەر پیۆریتانەکان بوون، ئەوانە لەگەڵ کڵێسای ئەنکلیکانی نەگونجان، چونکە هەوڵیان دەدا لە گۆشەنیگای بۆچوونە ئایینیەکانی خۆیانەوە چاکسازی لەم کڵێسایە بکەن، بەلاَم پادشا(جیمسی یەکەم ١٦٠٣-١٦٢٥)[*] جگە لەوەی بۆچونەکانی ڕەتکردنەوە، هەڕەشەی ئەوەشی لێکردن یان خۆیان لەگەڵ کڵێسای ئەنکلیکانی بگونجێنن یان وڵات جێبهێڵن(هەروتی،٢٠١٦: ٢٣؛Out line:htte\\Usinfo.stote.gov ). بەلاَم بە هۆی ئەوەی هەردوولایان پێداگریان لە سەر هەڵوێستەکانیان کرد، ئەمەش ناکۆکی و ئاژاوە و کوشتاریکی زۆری لە نێوان هەردوولایەن لێکەوتەوە، سەرەنجام کۆچکردن بووە تاکە ڕێگا لەبەردەم پیۆریتانەکان، سەرەتای ئەم پڕۆسەیەش لە ساڵی ١٦٠٨ ز بە چوونی ژمارەیەک لە پیۆریتانەکان لە هەرێمی(نوتنگهام شایر)ەوە بەرەو شاری (لیدن)ی هۆلەندی دەستیپێکرد، هەرچەندە بارودۆخی ئایینیان لەوێدا باشتر بوو بەلاَم بە هۆی گۆشەگیرییانەوە لە ساڵی ١٦١٨ (سی و پێنج)لەم پیۆریتانە کۆچکردوانە

---

* - لە ١٩حوزەیرانی ١٥٦٦ لە دایک بووە، یەکەم پادشای بنەماڵەی ستیوارتە، کوڕە گەورەی ماری یەکەمی کچی هنری هەشتەمە، لە ساڵی ١٥٦٧ بە پادشا جیمسی شەشەمی ئوسکتلەندا ناسرا، لە ٢٤ئازاری ١٦٠٣ تا مردنی لە ٢٧ئازاری ١٦٢٥ بە ناوی جیمسی یەکەم پادشای ئینگلتەرا بووە(بارکیز، ٢٠١٣: ٥٤).

بڕیاریاندا بەرەو (ڤرجینیا)[**] کۆچبکەن، بۆ ئەم مەبەستە گەڕانەوە ئینگلتەرا و لەگەڵ چەند بازرگانێکی لەندەن بوون بە هاوبەش تا بتوانن گەشتەکەیان بە سەرکەوتویی ئەنجام بدەن، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە پیۆریتانەکانی ئینگلتەرا پێکهاتن تا هاوشانی یەکتر بەرەو فرجینیا کۆچبکەن(صالح،١٩٨٢: ٥١٢ ؛ نوار- جمال الدين، ٢٠٠٥: ٣٢).

بەمشێوەیە پیۆریتانەکان لە کۆتایی هاوینی ١٦٢٠ دوای ئامادەبوونێکی تەواو بە کەشتی (مایفلاوەر- My Flower)[***] بەندەری (پلایمۆس) یان لە ئینگلتەرا بەرەو فرجینیا جێهێشت، جگە لەم دوو منداڵەی لە کاتی گەشتەکە لە دایک بوون، ژمارەیان(١٠٠) کەس بوو، لە زستانی هەمان ساڵ کەشتیەکە گەیشتە وشکایی، بەڵام وشکایەکە فرجینیا نەبوو بەڵکو کەنارەکانی( کاب کاد- Cap Cad) بوو کە پاشان بە نیوئینگلاند ناوزەند کرا ( Out line: htte\\Usinfo.state.gov ). شایانی ئاماژە پێدانە ئەم ناوچەیە لە دەرەوەی سنوری جیاوکی ئەو کۆمپانیایانە بوو کە گەشتەکەیان ئەنجامدا، لەبەرئەوە کۆچبەرەکان نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیاکە و خۆشیان هیچ مافێکیان لە شوێنەکەدا نەبوو، بۆیە بە مەبەستی پێکهێنانی دەسەلآتێک بۆ بەڕێوەبردن بەڵێننامەیەکیان لە نێوان خۆیان مۆر کرد بە ناوی ڕێککەوتنامەی (مای فلاوەر).(هەروتی، ٢٠١٦: ٣٣)، بەم شێوازە دەستەیەکی سیاسی شارستانیان دامەزراند و (جۆن کارڤر)یشیان وەک حوکمڕان هەڵبژارد، ڕەزامەندیشیان نیشاندا بۆ بنەمای دەسەلآتی زۆرینە، ناوچەی (پلاتموس) یش بوو بە شوێنی نیشتەجێبوونیان.(بنيه، ١٩٤٥: ٢٣- ٢٤؛ نورائی، ٢٠٠٧: ١٣).

---

[**] - یەکەم نشینگەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دامەزرا، ئەم نشینگەیە لە١٣ئاياری ١٦٠٧ یەکەم گروپی کۆچکردوانی بە سەرکردایەتی(کرستۆفر نیوپۆرت) تێدا دابەزی(زیادە – فریجی، ١٩٤٦: ١٣). ناوی فرجینیاش وەک ڕێزگرتنێک بۆ شاژنی ئینگلیزی(ئەلیزابێستی یەکەم) لەم ناوچەیە نرا(بارکیز، ٢٠١٣: ٨٥).

[***] - ناوی ئەم کەشتیە بوو کە کۆچکردووە پیۆریتانەکانی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گواستەوە، کاتێک گەیشتنە کەناری(کاپ کاد) سەرکردەکان لە ترسی سەرهەڵدانی ناڕەزایی لەلایەن کۆچکردوانەوە بە پەلە ڕێککەوتنێکیان ئامادەکرد و لە ٢١تشرینی دووەمی ١٦٢٠ لە ژێر کەشتیەکە لەلایەن (٤١) کەس لە پیاوە پێگەیشتووەکان مۆرکرا کە بە ڕێککەوتنی (مای فلاوەر) ناسرا.(بارکیز، ٢٠١٣: ٥٥ ؛ Weinberg,2003:38).

ئەم گــرووپە کــۆچکردووەی پیۆریتانەکــان لە یەکەم زســتاندا، نــزیکەی نیوەیـان مـردن(زیـادە- فریجـی، ١٩٤٦: ١٤). ئەوانەی بە زینـدوویش مـانەوە لە ماوەی چەند ساڵێکی دوای کۆچکردنیان جگە لە هەندێ بۆنەی تایبەتی ئایینی هیچ ژەمێک خۆراکی تەواویان نەخوارد، چونکە، لەلایەک ئەو یارمەتیانەی لە ئینگلتەراوە پێیان دەگەیشت پێویستیەکانی پڕنەدەکردنەوە، لەلایەکی دیکەش ئەزمـونێکی باشـیان لە کـاری کشـتوکاڵی و ڕاو و ڕاوە ماسـی نەبـوو، بەڵام تــاکە فاکتەرێــک کە یارمەتیـدەرێکی گرنــگ بــوولەم بــارودۆخە دژوارە بــۆ مانەوەیـان، هاوکـاری هینـدە سـورەکانی ناوچەکـانی دەوروبەریـان بـوون کە مامەڵەیەکی دۆستانەیان لەگەڵ کردن و چۆنیەتی کشتوکاڵ کردنی گەنم و جۆ و گەنمەشامیان فێرکردن(Craven، 1949: 48 ).

لە ڕاســتیدا گەشــتی دەریــایی مــای فــلاوەر کــاریگەرییەکی گەورەی لە پرۆســەی ئــاوەدانکردنەوەی ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا هەبــوو، لەبەرئەوەی ئەم گەشتە پرۆسـەیەکی سـەربەخۆ بـوو لەلایەن گروپێکی ئایینی ئەنجامـدرا و هـیچ کۆمپانیـایەکی بازرگـانی یـاخود خـانەدانێکی خـاوەن زەوی پشــتیوانی لێنەکــرد، هەروەهــا بە هــۆی ئەو خــۆڕاگرییەی کۆچکردووەکــان بەرامــبەر ئەو هەمــوو بــارودۆخە دژوارەی کە لە ســاڵانی یەکەمــی دوای گەیشـتنیان ڕووبەڕووی بـوونەوە، بـوون بە هانـدەرێکی گەورە بـۆ ڕاکێشـانی ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوانی ئەوروپا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەرچۆنێک بێت کـۆچی پیۆریتانەکـان بـۆ ئەمریکا لە سـاڵانی دواتـریش هەر بەردەوام بـوو، بە تـایبەتی لەو کـاتەوەی (شـارلی یەکەم ١٦٢٥- ١٦٤٩)[*]بـوو بە پادشــای ئینگلــتەرا، لە ڕاســتیدا سیاســەتی ئەم پادشــایە بەرامــبەر بە پیۆریتانەکـان زۆر لە سیاسـەتی بـاوکی تونـدتر بـوو(نـوار- جمـال الـدین، ٢٠٠٥: ٣٣). شــارلی یەکەم مکــوڕ بــوو لە ســەر حــوکمڕانی کــردن بەپێــی مــافی خواوەنـدی و هەمـوو نەیـارانی خـۆی بە نەیـاری خـودا دادەنـا و ڕێگـای نەدا پیۆریتانەکـان بە ئـازادی بیروبـاوەڕی ئـایینی خۆیـان بڵاوبـکەنەوە(هەروتـی، ٢٠١٦: ٢٣)، هەر بۆیە کۆچکردن بۆ ئەمریکا جارێکی دیکە بووە تاکە ڕێبژار لە بەردەم ئەو گـروپە ئـایینیە، بـۆ ئەمەش ژمـارەیەک لە سـەرکردە ئـایینی و

[*] - دووەم پادشــای بنەمــاڵەی ســتیوارتە، کــوڕی جیمســی یەکەمە، بــۆ مــاوەی ٢٤ســاڵ حــوکمڕانی ئینگلــتەرای(١٦٢٥- ١٦٤٩) کــرد، دژایەتیەکــی زۆری پیۆریتانەکــانی کــرد، لە ساڵی١٦٤٩ لەلایەن پەرلەمانەوە لە سێدارە درا(هریدی،٢٠٠١: ٣٢٤-٣٣٢) .

بازرگان بە ڕێبەرایەتی(جۆن ویترب)[**] بڕیاریاندا نیشینگەیەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرێنن، بۆ ئەوەی بە ئازادی بیروباوەڕی ئایینیان تێدا پەیڕەو بکەن.(فیدرمان، د.ت: ١٢).

سەرەتای هەنگاویشیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەیان، دامەزراندنی کۆمپانیای (کەنداوی مساچوسیتس) بوو لە ساڵی ١٦٢٩، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە سەرکردەکانیان جیاوکی شاهانەیان بە دەستهێنا، کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕێپێدانێکی فەرمی بوو بۆ مولکداری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(Beard، 13 :1921 ؛ فیدرمان، د.ت: ١٣؛ زیادە – فریجی، ١٩٤٦: ١٥). لێرەدا جێگای خۆیەتی هەڵوەستە لە سەر ئەم پێشهاتە بکرێت و پرسیاری ئەوە بکرێت، پیۆریتانەکان کە دوژمنی سەرسەختی پادشا بوون چۆن جیاوکی شاهانەیان لەلایەن ئەوەوە پێدرا؟ لە ڕاستیدا ئەم بابەتە تا ئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوە و لە سەرچاوەکاندا هیچ زانیارییەک لەم بارەیەوە نەخراوەتەڕوو، بەڵام ڕەنگە ئەو لێکدانەوەیە هەڵبگرێت کە پادشا هەوڵیدا بێت لە ئینگلتەرایان دوور بخاتەوە تا لە کێشەکانیان بە دوور بێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ساڵێک پێش دامەزراندنی کۆمپانیای کەنداوی مساچوسیتس – واتە لە ساڵی ١٦٢٨- ژمارەیەک پیۆریتان بە سەرکردایەتی(جۆن ئەدیکوت) کۆچیان بۆ ئەمریکا کرد و شارۆچکەیەکیان بە ناوی(سایلم) دامەزراند(نوار– جمال الدین، ٢٠٠٥: ٣٣؛ Asokan، 37 :2005 ). ساڵی ١٦٣٠یش کۆمپانیای کەنداوی مساچوسیتس بە(١٨) کەشتی دەریایی بە سەرکردایەتی (جۆن وینسرۆپ) هەڵسا بە گواستنەوەی نزیکەی (٩٠٠) کەس لە پیۆریتانەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوای گەیشتنیان ناوی کۆمپانیایەکەیان لەم ناوچەیە نا کە لێی دابەزین، پاشان دەستیان کرد بە دروستکردنی چەند شارێک لەوانە: بۆستن، چارلستن، دۆرگستر، بۆستنیش کرا بە ناوەندی نشینگەکە، بەمشێوەیە کۆچکردنی پیۆریتانەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ساڵی ١٦٤٠ بەردەوام بوو، لەم ماوەیەدا ژمارەیان گەیشتە(١٨ – ٢٠) هەزار کەس(صالح، ١٩٨٢: ٥١٤؛ بارکیز، ٢٠١٣: ٩٨).

---

** - خانەدانێکی ئینگیزی پیۆریتانی بوو، لە ساڵی ١٦٢٩ سەرکردایەتی دامەزراندنی کۆمپانیای مساچوستیسی کرد، هەروەها لەلایەن پادشاوە ڕێگای پێدرا ببێتە خاوەن زەوی لە ئەمریکا. (بارکیز، ٢٠١٣: ٩٧).

وەک دەردەكەوێت فاكتەری سەرەكی و كاریگەر لە كۆچی پیۆریتانەكان بـۆ ویـلایەتە یەكگرتووەكـانی ئەمریكـا و دامەزرانـدنی شـارەكان و ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكە ئایینی بوو، چونكە جگە لەم زانیاریانەی دەربارەی بـارودۆخی ئەم گـروپە ئـایینیە لە سـەردەمی پادشـایەتی بنەمـاڵەی سـتیوارت ئامـاژەی پێدرا، خـودی سـەركردە ئـایینیە پیۆریتانەكـانیش لایەنگری ئایینیـان كردە مەرجـی سـەرەكی نیشـتەجێبوون لەو شـارانەی دایانمەزراند، ئەوەتـا لە بەڵێننامەیەكـدا كە لە دوای دامەزرانـدنی كۆمپانیـای كەنـداوی مساچوسـتیس بلاویـانكردەوە، زۆر بە ڕوونـی جەختیـان لەوە كردبـووەوە:هەر كەسـێک بیروبـاوەڕ و ڕێنمـاییە ئایینیەكـانی پیۆریتـان جێبەجێ نەكـات، ڕێگـا نادرێت لە نیشینگەكەیان نیشتەجێ بێت (باركیز،٢٠١٣: ٩٧) .

جـگە لە پیۆریتانەكـان چەنـد گـروپ و مەزهەبێكـی دیـكەی ئـایینیش بە هۆكاری ئایینی لە ئەوروپاوە بەرەو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كۆچیان كـرد، لەوانە ئەو كاسـۆلیكە ئینگلیـزانەی لەلایەن كڵێسـای ئەنكلیكـانیەوە دەچەوسێنرانەوە(Out line، 15; 2005 ) . كۆچی ئەم گروپە ئایینیە لە سـەر پێشنیازی جۆرج كالڤیرت ناسراو بە (لـۆرد بـالتیمۆر) بـوو، نـاوبراو لە سـاڵی ١٦٣٢ فەرمـانی ڕێپێـدانی شـاهانەی بـۆ خاوەنـدارییەتی زەوی لە بـاكوری ڤیرجینیـا بە مەبەسـتی نیشـتەجێكردنی كاسـۆلیكەكانی ئینگلـتەرا وەرگـرت (الشـیخ، ٢٠٠٦: ١٨؛ نـورائی، ٢٠٠٧: ١٣)، كە بە هـۆی جیـاوازی بیروبـاوەڕی ئایینیەوە لە بارودۆخێكی خراپ دەژیان[*] لە هەمان كاتدا لـۆرد بـالتیمۆر مـافی بەڕێـوەبردنی نشـینگەكەی وەرگـرت، وەرگرتنـی ئەم جیاوكـانە لە بەرامـبەر ئەوە بـوو كە پێـنج یەكـی ئەو زێـر و زیـوەی سـالآنە لە نـاوچەكە دەسـتیان دەكەوێت بدرێت بە پادشا(Out line، 15; 2005 ) .

گەشـتی كـۆچكردنی كاسـۆلیكەكان لە ئینگلـتەراوە بـۆ ویـلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ساڵی ١٦٣٤وە دەستی پێكرد، ئەمـانە سـەرەتا لە ناوچەیەک نیشتەجێكران كە بە (سانت ماری) ناونرا، شایانی ئاماژە بۆ كردنە كۆچكردنی كاسۆلیكەكان بۆ ئەم ناوچەیە لە سـالآنی دواتریش بەردەوام بـوو، ئەمەش دامەزرانـدن و دروسـتكردنی چەنـد شـار و ئـاوەدانییەكی دیـكەی

[*] - بۆ زیاتر زانیاری لە سەر بارودۆخی كاسۆلیكەكانی ئینگلتەرا ، بنوارە: هریدی، ٢٠٠١: ٣٢١ -٣٤١.

لــێکەوتەوە، ســـەرەنجام بـــوو بە نشـــینگەیەک و نـــاونرا (ماریلانـــد)[*] (هەروتی،٢٠١٦: ٤١) . لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم نشینگەیە لە بنەڕەتدا بۆ کاسۆلیکەکانی ئینگلتەرا دامەزرا، بەڵام بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە کاسۆلیکەکان ویستی کۆچکردنیان بۆ ماریلاند هەبوو[**]، لۆرد بالتیمۆر ڕێگای بە پرۆتستانەکانیش دا تێدا نیشتەجێبن. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ژمارەی پرۆتستانەکان لەم نشینگەیە لە کاسۆلیکەکان زیاتر بوو(بارکیز، ٢٠١٣: ٩٠؛ سەبعاوی، ٢٠١٠: ١٤٣). هەرچەندە لە سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لۆرد بالتیمۆر بۆیە ڕێگای دا پرۆتستانەکان لەم نشینگەیە نیشتەجێبن تا ڕووبەڕووی هیچ ڕێگریەک نەبێتەوە لەلایەن حکومەتی ئینگلتەرا(Out line، 15; 2005 )، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی لاوازە و دوورە لە ڕاستی، چونکە وەکو پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا لۆرد بالتیمۆر بۆ دامەزراندنی نشینگەی ماریلاند ڕێپێدانی شاهانەی وەرگرتبوو، لەبەرهەندێ ڕێبێناچێت حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بێت بەرامبەر فەرمانی شاهانە هەڵوێستێکی دیکە نیشان بدات.

گرووپێکی دیکەی ئایینی کە ڕۆڵی گرنگیان لە ئاوەدانکردنەوەی چەند ناوچەیەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بینیوە (کوێکەرز)[***]ەکان بوون، هۆکاری کۆچکردنی ئەم گروپە ئایینیە لە ئەوروپاوە بۆ ئەمریکا، هەمان شێوەی گروپە ئایینیە کۆچکردووەکانی پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا پەیوەندی بە خراپی بارودۆخی ئایینیانەوە هەبوو.

---

[*] - ئەم ناوە وەک ڕێزلێنان بۆ شاژن (هنریتا ماریا)ی هاوسەری پادشای ئینگلتەرا شارلی یەکەم لەم نشینگەیە نرا( بارکیز، ٢٠١٣: ٨٩؛ نورائی، ٢٠٠٧: ١٣).

[**] - لە ڕاستیدا ئەم زانیارییە کە لە چەند سەرچاوەیەک خراوەتەڕوو جێگای هەڵوەستە لە سەر کردنە، چونکە ئەگەر کاسۆلیکەکانی ئینگلتەرا لە بارودۆخێکی خراپ ژیاون لە ڕووی ئایینیەوە بۆ ویستی کۆچکردنیان نەبووە، یان دەبێت بارودۆخەکەیان بەم شێوەیە خراپ نەبوو بێت، یان بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان ڕێگای پێنەداون ئینگلتەرا جێبهێڵن.

[***] - ئەمانە بە (کۆمەڵەی هاوڕێیان)یش دەناسران، بنچینەی ئەم بیروباوەڕە بۆ(جۆرج فۆکس) دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی١٦٤٧لە ڕێگای وتار و ئامۆژگارییەکانی دەستی بە بڵاوکردنەوەی کرد، ئەندامانی ئەم گروپە ئایینیە بەوە جیادەکرانەوە کە لە ڕووی خواردن و جل و بەرگەوە زۆر بە سادەیی دەژیان، ئەمانە یەکەم کۆمەڵەی ئایینی بوون دژی شەڕ وەستانەوە ، هەروەها باوەڕیان بە خودایەتی مەسیح و گواستنەوەی هەڵەی ئادەم بۆ نەوەکانی نییە.(بارکیز، ٢٠١٣: ١٠٦؛ نوار- جمال الدین، ٢٠٠٥: ٣٣) .

سەرەتای نیشتەجێبوونی ئەم گروپە ئاینییە لە ناوچەی (نیوجیرسی) بوو، دوای ئەوەی ئەم ناوچەیە لە ساڵی ١٦٦٤ لەلایەن (دۆق یۆرك)(*) بە دوو خانەدانی ئینگلیز فرۆشرا، ئەوانیش كە سەرپشك كرا بوون لە هێنانی هەر گروپێكی ئاینی یان ئیتنیكی بۆ ئاوەدانكردنەوەی، ژمارەیەك لە كوێكەرزەكانیان بۆ ناوچەكە برد، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكرێت لەگەڵ ئەوەی (نیوجیرسی) پێش ساڵی١٦٦٤ ژمارەیەك لە خەڵكی هۆلەندی و سویدی تێدا نیشتەجێ كرا بوون، هەروەها كۆمەڵێك لە پیۆریتانەكان لە (نیوهاڤن)ەوە كۆچیان بۆ كرد بوو، كەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە دەستەی یاسادانان لە كوێكەرزەكان پێكهێنرا، ئەمەش بەڵگەیەكی ڕوونە لە سەر ئەوەی ئەم نشینگەیە سیمایەكی كوێكەرزانەی لە ڕووی ئاینییەوە پێدرابوو(باركیز، ٢٠١٣: ١١٢-١١٣).

شایانی ئاماژە پێدانە، ژمارەی گەورەی كوێكەرزەكان لە ڕێگای یەكێك لە رابەرە ئاینییەكان بە ناوی (ولیەم پین) كە خانەدان و كوڕی فەرماندەیەكی دەریایی بوو بۆ ئەمریكا هێنران، ولیەم پین بڕێك پارەی وەكو قەرز لای پادشا(شارلی دووەم ١٦٦٠- ١٦٨٥) بوو، داوایكرد لە بەرامبەر قەرزەكەی ناوچەیەكی لە ئەمریكا پێبدات تا بیكات بە نشینگەیەك بۆ هەوادارە كوێكەرزەكانی، لەم سۆنگەوە لە ساڵی ١٦٨١ ناوچەیەكی ئەمریكا پێدرا و بە فەرمانی پادشا بە (پەنسلڤانیا)(**) ناونرا( Brief: http//wlnfo.state.gov/ ؛Beard، 16 :1921). ساڵێك دواتر ولیەم پین ناوچەی (دیلاوەر)یشی لە (دۆق یۆرك) كڕیەوە، بە مەبەستی ئەوەی پەنسلڤانیا ڕێڕەوێكی دەریایی هەبێت(هەروتی، ٢٠١٦: ٤٦) .

ولیەم پین كە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ بیروباوەڕە ئاینییەكەی، لە ساڵی ١٦٨١وە دەستیكرد بە گواستنەوەی هەوادارانی بۆ ئەم ناوچانەی لەلایەن پادشای ئینگلتەراوە پێی بەخشرابوو، بۆ ئەوەی ڕێژەیەكی زیاتری كۆچبەر بهێنێتە نشینگەكەی و لە ماوەیەكی كورت ناوچەكەئاوەدان بكاتەوە چەند هەنگاوێكی گرنگی ئەنجامدا، لەوانە: زەوی بە نرخێكی هەرزان

* - برای پادشای ئینگلتەرا شارلی دووەم ١٦٦٠- ١٧٨٥ بوو.

** - پەنسلڤانیا واتە دارستانەكانی پین، ئەم ناوچەیە لە بنەڕەتدا سویدییەكان ئاوەدانیان كردبووەوە، دواتر كەوتە دەست هۆلەندییەكان، لە ساڵی ١٦٦٤یش لەلایەن ئینگلیزەكانەوە داگیر كرا .( هەروتی، ٢٠١٦: ٤٤).

پێدەفرۆشـــتن(زیـــادە- فریجـــی، ١٩٤٦: ١٦؛ ســـەبعاوی، ٢٠١٠: ٤٥)، هەروەهـــا حکومەتێکی دیموکراتی بنیادنا و ڕێگایدا هەموو گروپێکی ئایینی لە پەنسلڤانیا نیشـتەجێبن، بەمشـێوەیە تەنیـا دوای یەک سـاڵ لە دامەزرانـدنی نـزیکەی(٣) هەزار کـــۆچکردوو ڕوویـــان لە پەنســـلڤانیا کـــرد، هەرلە هەمـــان ســـاڵیش شاری(فیلادلیفا)[***] یان دامەزراند (فیدرمان، د.ت: ١٧).

لێرەدا جێگـای خـۆیەتی ئامـاژە بـۆ ئەوە بکرێـت، سـەرباری ئەوەی بەشـی زۆری دانیشـتوانی (فلادلیفـا) لە سـەرەتای دامەزراندنیـدا لە کویێکەرزەکـان پێکـدەهات، کەچـی هەر لە سـاڵی ١٦٨٣وە چەنـد گروپێکـی دیـکەی ئـایینی لە ئەوروپاوە ڕوویـان لەم نشـینگەیە کـرد، بە تـایبەتی ئەو ئەڵمـانە پرۆتستانانەی کەوتبـوونە ژێرفشـاری چەوسـانەوەی ئـایینی لەلایەن کڵێسـای کاسـۆلیکیەوە، ئەمانە ببوونە پێشەنگ بـۆ چەند گروپێکی ئایینی نەتەوەیی دیکەی ئەوروپی لەوانە: سـکۆتلەندییەکان و ئێرلەنـدییەکان کە ئەمـانەش بە هەمـان شـێوە بە هـۆی چەوسـانەوەی ئـایینی ناوچەکـانی خۆیـان جێهێشـتبوو و ڕوویـان لە پەنسلڤانیا کرد(Beard، 1921: 18 ، فیدرمان، د. ت: ١٨).

دوا نشـینگە کە لەلایەن ئینگلیزەکـانەوە لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا دامەزرا جۆرجیـا بـوو، هەرچەنـدە ئەم نشـینگەیە لە بنەڕەتـدا بـۆ بەنـدکراوانی بەنـــدینخانەکانی ئینگلـــتەرا لە ســـاڵی ١٧٣٢ دامەزرا کە لە بـــارودۆخێکی زۆر خراپ دا بـوون، بەڵام ئامـانجێکی دیکەی دامەزرانـدنی وەک لە سـەرچاوەکان ئامـاژەی بـۆ کـراوە، نشـینگەکە بکـرێتە پەنـاگەیەک بـۆ ئەو پرۆتسـتانانەی لە ئەوروپـا کەوتبـوونە ژێـر فشـاری ئـایینی، بـۆیە ڕێگـا بە هەڵگـری هەمـوو بیروباوەڕەکـان درا کـۆچ بـۆ ئەم نشـینگەیە بکەن جگە لە کاسـۆلیکەکان، وەک دەردەکەوێـــت فـــاکتەری ئـــایینی کـــاریگەری لە ســـەر دامەزرانـــدنی ئەو نشینگەیەش هەبووە (بارکیز، ٢٠١٢: ١٣٣؛ هەروتی، ٢٠١٦: ٤٦- ٤٧).

ئەم گـروپە ئایینیـانەی ئاماژەیـان پێـدرا بە گشـتی ڕۆڵـی کاریگەریـان لە بنیادنـان و دامەزرانـدنی نشـینگە و شـارەکان لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکادا بینیوە، لە هەمـان کاتـدا چەنـد کـۆمەڵە و گروپێکـی دیکەی ئایینیش کە لە دەرەوەی ئینگلـــتەراوە بـــۆ ئەمریکـــا کۆچیـــان کـــرد ڕۆڵیـــان لە ئاوەدانکردنەوەی بەشێکی ناوچەکانیدا هەبووە. شـایانی ئامـاژە پێدانە کـۆچی ڕەگەزە ئەوروپییەکـانی دەرەوەی ئینگلـتەرا بـۆ ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی

[***] - فلادلیفا واتە شاری خۆشەویست و برایەتی. (Out line, 2005: 18).

ئەمریکا زیاتر لە چواریەکی کۆتایی سەدەی حەڤدەم دەستپێکرد بە تایبەتی دوای ساڵی ١٦٨٠، چونکە لەم ساڵە بەدواوە چیتر ئینگلتەرا وەک تاکە سەرچاوەی سەرەکی کۆچکردن بۆ ئەمریکا نەمایەوە ( Brief: http//winfo. state.gov ). لەم بوارەشدا فەرەنسیەکان دوای ئینگلیزەکان یەکەم کۆمەڵی کۆچکردوو بوون بۆ ئەمریکا، کۆچکردنی بە کۆمەڵی فەرەنسیەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای هەڵوەشاندنەوەی بەڵێننامەی (نانت)[*] لەلایەن (لویسی چواردەم١٦٤٣- ١٧١٥)[**] لە ساڵی ١٦٨٥ دەستپێکرد، بەمەش ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەیی ئایینیەی لە نێوان کاسۆلیکەکان و پرۆتستانتە فەرنسیەکان کە بە هیگۆنەتەکان ناسراو بوون کۆتایی پێهات و جارێکی دیکە سیاسەتی چەوسانەوەی ئایینی لەلایەن کاسۆلیکەکان بەرامبەر هیگۆنەتەکان دەستپێکردەوە (هریدی، ٢٠٠١: ٣٠٨- ٣١٠).

سەرهەڵدانی باردۆخێکی لەم شێوەیە لە فەرەنسا جگە لە کۆچکردن و جێهێشتنی وڵات هیچ ڕێبژارێکی دیکەی لەبەردەم هیگۆنەتەکان نەهێشتەوە (سەبعاوی، ٢٠١٠: ٤٣؛ زەینەل، ٢٠١٠: ٣٧). هەرچەندە حکومەتی فەرەنسا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕێگەگرتن لە کۆچکردنی هیگۆنەتەکان، بەڵام سەرکەوتو نەبوو بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە هیگۆنەتەکان توانیان فەرەنسا جێبهێڵن، کە بەشێکیان ڕوویان کردە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە شارەکانی بۆستن و شارلستۆن و نیویۆرک نیشتەجێبوون. شایانی ئاماژە پێدانە بەشێکی زۆری هیگۆنەتەکان لە چینی ناوەڕاست بوون – بازرگان و خاوەن پیشە بوون- لەم سۆنگەوە توانیان ڕۆڵێکی گرنگ لە بوژاندنەوەی ئەم شارانە ببینن کە تێدا نیشتەجێبوون(بارکیز، ٢٠١٣: ١٢٥).

---

[*] - ئەو بەڵێننامەیە بوو کە شەڕی نێوان هیگۆنەتەکان و کاسۆلیکەکانی کۆتایی پێهێنا ، بەڵێننامەکە لە ساڵی ١٥٩٨ مۆر کرا (هریدی، ٢٠٠١: ٣٠٨).

[**] - لویسی چواردەم ١٦٤٣- ١٧١٥، سێیەم پادشای بنەماڵەی بۆربۆنە، دوای مردنی لویسی سێزدەم لە ساڵی ١٦٤٣ بوو بە پادشای فەرەنسا کە ئەو کاتە تەمەنی(٥) ساڵ بوو، بۆیە شاژن(ئان)ی دایکی بوو بە جێگرەوەی ، لویسی چواردەم دوای ئەوەی بە کرداری دەسەڵاتی گرتە دەست حوکمڕانیەکی ڕەهای بە سەر فەرەنسا سەپاند، ئەمەش لە وتەیەکی بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت کە لە ساڵی ١٦٦٨ لەبەردەم پەرلەمانی فەرەنسی وتبووی : دەوڵەت منم و منیش دەوڵەتم.(دارک، ٢٠٠٢: ٥٧- ٥٨؛ بارکیز، ٢٠١٣: ١٢٤).

ڕەگەزێکی دیکەی ئەوروپی کە لە ژێر کاریگەری چەوسانەوەی ئایینی ڕوویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد ئەڵمانەکان بوون، شایانی ئاماژە پێدانە گەورەترین کۆمەڵی هەمەجۆری ئایینی لە باشوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیاوە بۆ ئەمریکا کۆچیان کرد، بە تایبەتی لە ناوچەیەک کە بە(پالانت) ناسراو بوو، هەرچەندە ئەمانە کێشەی ئابوری و شەڕەکانی لویسی چواردەم ڕووبەڕوویان ببووەوە، بەڵام هۆکاری ئایینیش یەکێک بوو لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچکردنیان(Osgood، 42 :1964 ). کۆچکردووە ئەڵمانەکان بەشێکیان (لۆسەری) بوون، هەندێکیشیان (کالڤینی)، هەندێکی دیکەشیان لە گروپە سۆفیەکانی وەک( مینونیتز- دونکریز- ئاماش) بوون، ئەمانە لە سەرەتای سەدەی هەژدەم ڕووبەڕووی چەوسانەوەی کاسۆلیکە دەسەڵاتدارەکان بوونەوە، بۆیە بڕیاریاندا بەرەو ئەمریکا کۆچبکەن، چونکە زانیارییان هەبوو کە ئازادی و لێبوردەیی ئایینی تێدایە، بەمجۆرە دەستیانکرد بە کۆچکردن و تا ساڵی ١٧١٠ ژمارەیەکی زۆریان گەیشتنە ناوچە جیاجیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(بارکیز، ٢٠١٣: ١٢٦).

بەشێک لە ئەڵمانە کۆچکردووەکان بەرەو کارۆلینای باکور و باکوری نیویۆرک کۆچیانکرد، بەڵام پاشان زۆربەیان بەرەو پەنسلڤانیا ڕۆیشتن کە ئازادی ئایینی و پێدانی زەوی بە شێوەیەکی گونجاو تێدا ڕاگەیندرا بوو، شایانی ئاماژەیە ئەڵمانە کۆچکردووەکان ڕۆڵی کاریگەریان لە پێشخستنی پیشەسازی ئاسن و شوشە و کاغەز و چنین لە پەنسلڤانیا بینی(Beard، 1921: 18).

ئێرلەندییەکان و سکۆتلەندییەکان دوو ڕەگەزی دیکەی ئەوروپی بوون کە بە هۆکاری ئایینی ڕوویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، ئەم پرۆسەی کۆچکردنەش زادەی چەند ڕووداو پێشهاتێک بوو کە لە قۆناغەکانی پێشوتر ڕوویاندا بوو، کاسۆلیکە ئێرلەندییەکان لە سەرەتای سەدەی حەڤدەم ژمارەیەک ڕاپەڕینیان دژی حکومەتی ئینگلیزی ئەنجامدا و سەرکەوتو نەبوون، دەست بە سەر زەوییەکانیاندا گیرا و بەخشرایە کالڤینیەکانی سکۆتلەندە کە بە هۆی کێشەی ئایینیەوە ڕوویان لە ناوچەکە کردبوو، بەڵام لە کۆتایی هەمان سەدە بە هۆی ڕاگەیاندنی چەند یاسایەکی تازە هەموو زەوییەکانیان لە دەستدا و ڕووبەڕووی چەوسانەوەی ئایینیش بوونەوە، لەم سۆنگەوە ئەم گروپە ئایینیە سکۆتلەندییە ڕێگایەکیان لەبەردەم نەمایەوە جگە لە کۆچکردن بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ژمارەیەکی زۆر لە

ئێرلەندییە کاسۆلیکەکانیش لەم کۆچکردنە هاوشانیان بوون( بارکیز، ٢٠١٣: ١٢٧).

شایانی ئاماژە بۆکردنە یەکەم کۆمەڵی ئێرلەندی – سکۆتلەندی کە بۆ ئەمریکا کۆچیانکرد لە ساڵی ١٧١٤ بوو، ئەمانە ڕوویان لە نشینگەکانی نیوهامبشر و جۆرجیا کرد، بەلآم دوای ماوەیەکی کورت وەک ئەڵمانەکان ڕوویان لە پەنسلڤانیا کرد، لەوێشدا زۆر نەمانەوە و بەرەو باشووری نشینگەکە بۆ (دۆڵی شیناندوە)ی ڕۆژئاوای ڤیرجینیا کۆچیانکرد، لەوێشەوە بەرەو کارولینای باکور و باشوور ڕۆیشتن و بەیەکجارەکی تێدا نیشتەجێبوون(Osgood، 49 :1964 ).

لە ڕاستیدا ئەم کۆمەڵە ئایینیانەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچیانکرد و ڕۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەکەیدا هەبوو، کە تەنیا گروپە ئایینیە مەسیحیەکان نەبوون، بەڵکو جولەکەکانیش کە سەر بە ئایینێکی دیکە بوون بە هۆی چەوسانەوەی ئایینی ناوچەکانی خۆیان جێهێشتبوو و ڕوویان لە ئەمریکا کرد بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەی و پێشخستنی ئەمریکادا بینی، بە تایبەتی جولەکەکانی (سفاردیک)(*) . لە ڕاستیدا جولەکەکان بە گشتی لە نشینگەکانی ئەمریکا لە ڕووی ئایینیەوە ئازادی تەواویان پێنەدرا، بەلآم بارودۆخیان لەوەی پێشوتر لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیسپانیا و پورتوگال هەیانبوو باشتر بوو، جولەکەکان زیاتر لە ناوچە کەناریەکانی وەک: نیوپۆرت و فیلادلیفا و تشارلستۆن و ڕۆدئایلاند نیشتەجێبوون و بازرگانەکانیان ڕۆڵی گەورەیان لە بوژاندنەوەی ئەم ناوچانە بینی (Beard، 18 :1921 ).

**تەوەرەی دووەم: ناکۆکی ئایینی نێوان کۆچکردووان و دامەزراندنی چەند نشینگەیەک.**

ناکۆکی ئایینی نێوان کۆچکردووان دوای نیشتەجێبوونیان لە نشینگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆکارێکی دیکە بوو بۆ فراوانبوونی

---

* - ئەو جولەکانە بوون کە بەپێی فەرمانێکی پادشایی لە ساڵی١٤٩٢ لە ئیسپانیا دەرکران، ناوەکەیان لە وشەی( سەفارد) هاتووە کە بە زمانی ئیسپانی مانای ئیسپانیا، ئەم جولەکانە سەرەتا ڕوویان لە ناوچەکانی ڕۆژهەلآتی دوور کرد، لەوێشەوە بەرەو هۆلەندا و باشوری ڕۆژئاوای فەرەنسا کۆچیانکرد، ئینجا زۆربەیان ڕوویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد( بارکین، ٢٠١٣: ١٢٨).

ڕووبەری نیشتەجێبوون و دامەزراندنی ژمارەیەک شار و نشبنگەی تازە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ناکۆکیە ئایینیەکانی نێوان کۆچکردووان زیاتر لەم ناوچانە سەریانهەڵدا کە بە (نیوئینگلاند) ناسراو بوو، بە تایبەت نشینگەی مساچوسیتس کە پیۆریتانەکان تێدا نیشتەجێبوون.

لە مساچوسیتس ڕژێمی حوکمرانی ئایینی بە شێوەیەک بوو کە سەرکردە ئایینیەکان باوەڕیان وابوو پێویستە کڵێسا دەسەلآتی بە سەر حکومەتدا هەبێت، بەم ئامانجەی بتوانن بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بە سەر دانیشتوان بسەپێنن، ئەمەش بنەمایەکی سەرەکی بیروباوەڕی کالڤینی بوو- کە لەلایەن پیۆریتانەکان پەیڕەو دەکرا- ( فیدرمان، د.ت: ١٥؛ خلیل، ٢٠٠٦: ٧٣)، بەپێی بیروباوەڕەکەیان تەنیا ئەندامانی کڵێسا ڕێگەیان پێدرابوو بەشداری لە دەنگدان و بەڕێوەبردنی حکومەتدا بکەن،هەرچەندە بەپێی گەلآڵەنامەی نشینگەکە پیاوانی ئازادیش ئەو مافەیان هەبوو، بەلآم ئەوان تەنیا ئەو پۆستانەیان پێدەدرا کە بە بەتاڵی دەمایەوە (بارکیز، ٢٠١٣: ٩٩)، چونکە پیاوانی ئایینی نیگەران بوون لە بەشدار بوونی ئەم توێژە لە بەڕێوەبردنی نشینگەکە، بۆیە بەردەوام هەوڵیان دەدا ژمارەی ئەو توێژە زیاد نەکات، بە تایبەتی کە دیاریکردنی کەسەکان بۆ بوون بە پیاوی ئازاد هەر لەلایەن کڵێساوە بڕیاری لێدەدرا، لەم چوارچێوەیشدا زیاتر ئەو کەسانەیان دیاری دەکرد کە لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە لە خۆیان نزیک بوون(هەروتی، ٢٠١٦: ٣٥) .

لە ڕاستیدا ئەم شێوازە لە حوکمرانی پیۆریتانەکان لە مساچوسیتس چاوەڕوان نەکراو نەبوو، چونکە ئەم گروپە ئایینیە جیاواز لە گروپە ئایینیە کۆچکردووەکانی دیکە لە ژێر کاریگەری چەوسانەوەی توندی ئایینی بۆ ئەمریکا کۆچیان نەکردبوو، بەڵکو پیۆریتانەکان – وەک پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا- ناکۆکی سەرەکیان لەگەڵ کڵێسای ئەنکلیکانی و پادشای ئینگلتەرا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوان هەوڵیان دەدا لە گۆشەنیگای بیروباوەڕی ئایینی خۆیانەوە چاکسازی لە کڵێسا بکەن، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بەڕێژەیەک لە دامودەزگاکانی حکومەت بەشداربوون، لەلایەکی دیکە پیۆریتانەکان هەر لە دوای دامەزراندنی کۆمپانیای مساچوسیتس بەڵێننامەیەکیان بلآوکردەوە کە زۆر بە ئاشکرا ڕایانگەیاند هەر کەسێک بە بیروباوەڕ و ڕێنماییە ئایینیەکانی پیۆریتان ڕازی نەبێت و جێبەجێ نەکات ڕێگا نادرێت لە نیشینگەکە نیشتەجێ

بێت(Out line)، 12: 2005 . هەمـوو ئەمـانە ئامـاژە بـوون بـۆ تـاکڕەوی پیۆریتانەکـان لە مساچوسـیتس، هەروەهـا بەڵگەیەکـی دیـاریش بـوو کە پیۆریتانەکـان هەر لە سـەرەتای سـەرهەڵدانیانەوە گیـانی خۆسـەپاندنیان تێدا بووە.

بەمشێوەیە نیشینگەی مساچوسیتس بالآدەستی کڵێسا و پیاوانی ئاییني تێدا پەیڕەو دەکرا و مۆرکێکی ئاییني توندیشی بەسەردا سەپێندرا بوو، لەم چوارچێوەیەشدا پیاوانی ئاییني دەسەلآتی سیاسی و کۆمەلآیەتیان بە تەواوی بـۆ خۆیـان قـۆرخ کردبـوو، تەنـانەت سـزای تونـدی ئەوانەیـان دەدا کە لە ڕێنماییەکان لایانبدایە(هەروتی، ٢٠١٦: ٣٦) . هەرچۆنێک بێت ئەم شێوازە لە حوکمڕانی پیۆریتانەکـان لە مساچوسـیتس نیگەرانـی بەشێک لە دانیشـتواني نشینگەکەی لێکەوتەوە و ئامادە نەبوون چیتر لە ژێر دەسەلآتێکی لەمجۆرە بمێنـنەوە، دەرکەوتنـی ئەم نارەزاییـانە دواجـار جیـابوونەوەی بە کـۆمەڵ و دامەزراندنی چەند شارێک و نشینگەیەکی لێکەوتەوە.

یەکەم ڕووبەڕووبونەوە دژی سیستەمی حوکمراني مساچوسیتس لەلایەن کەسێکەوە بـوو بە نـاوی (ڕۆجەر ویلیـامز)، ئەو قەشـەیەکی ناوچەی(سـایلم) بوو، لە هەمان کاتدا یاساناسێکی لێهاتوو بـوو، بیروباوەڕی ویلیامز جیاواز بـوو لە بیروبـاوەڕی پیـاوە ئایینیەکـانی دیـکەی مساچوسـیتس، ئەو بـاوەڕی تەواوی بە جیـاکردنەوەی ئـایین لە حـوکمڕاني هەبـوو، هەروەهـا دژی سەپاندنی بیروباوەڕی مەزهەبێکی دیاریکراو بوو، بانگەوازی بۆ لێبوردەیی ئـاییني دەکـرد و لەگەڵ ئەوەشـدا نەبـوو بەزۆر دەسـت بەسـەر زەوی هینـدە سورەکان دابگیرێت. ئەمانە دیارترین ئەو بیروباوەڕانە بـوون کە ویلیامزی لە پیاوە ئایینیەکانی نشینگەکە جیادەکردەوە و بە ئاشکرا ڕایگەیاند بوو،هەروەها دژی حکومەتەکەی(جـۆن وینسـرۆپ) وەسـتایەوە، لەسـەر ئەم هەڵوێسـتانەی دادگای نشینگەکە بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دەرکـرد (زیادە- فریجی،١٩٤٦: ١٥؛Beard، 1921: 15 ) .

ویلیـامز خـۆی و لایەنگرەکـانی لە سـاڵی ١٦٣٦بەرەو باشـوری شـاری(بۆسـتن) ڕۆیشـتن و لە نـاوچەیەک نیشـتەجێبوون کە بە (ڕۆدئایلانـد) ناسـرا، ئەمەش دوای ئەوەی زەوییەکـانی نـاوچەکەی لە هیندەسـورەکان کڕیەوە، سـەرەتا شـارۆچکەیەکیان بە ناوی(پڕۆڤیداس) دروستکرد کە دواتـر بوو بە ناوەندی نشینگەی ڕۆدئایلاند(بینیە، ١٩٤٥: ٣٣؛Out line، 13 :2005.

گروپێکی دیکەی ئایینی کە لە سەر جیاوازی بیروباوەڕی ئایینی لە مساچوسیتس دوورخرانەوە، ئەو گرووپە بوو کە لەلایەن ئافرەتێکەوە ڕێبەرایەتی دەکرا بە ناوی(ئان هتجنسۆن)، ناوبراو خاوەن بۆچونێکی ئایینی تایبەت و کەسایەتیەکی سەرسورهێنەر بوو، گەلێک جار وەک سۆفی و هەندێک جاریش وەکو ڕێبەرێکی مافەکانی ژنان دەرکەوتوە، ناکۆکی ئایینی نێوان(ئان) و پیاوانی ئایینی لە بۆستن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر دەبوو، بە تایبەتی لەو کاتەوەی (ئان) ڕایگەیاند پیاوانی ئایینی لە بۆستن لە ڕاستی ئایین تێنەگەیشتوون و ئەوانەی دوایان کەوتوون بەرەو دۆزەخ دەڕۆن، ئەم ڕوونکردنەوەیە نیگەرانیەکی زۆری لە ڕووی ئایینیەوە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دروستکرد، هەر بۆیە (جۆن وینسرۆپ) و پیاوانی ئایینی بۆستن چیتر نەیانتوانی چاوپۆشی لەم بانگەشانە بکەن کە مەترسیەکی گەورە بوو بۆ دەسەلآتەکەیان، لەبەر هەندێ بڕیاری دوورخستنەوەی(ئان)یان لە نشینگەکەدا(بارکیز، ٢٠١٣: ١٠٠)، ئەویش خۆی و خێزانەکەی و ژمارەیەک لە لایەنگرانی لە ساڵی١٦٣٨ شارۆچکەیەکیان بە ناوی(پۆرتسمۆس) لە نزیک (پرۆڤیدانس) دامەزراند (Out line)، (14 :2005 .

بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٦٤٣دەسەلآتدارانی بۆستن کەسایەتیەکی دیکەی ئایینیان بە ناوی(سامۆیل گۆرتون) و ژمارەیەک لە لایەنگرانی لە شارەکە دوورخستەوە، ئەوانیش لە هەمان ساڵدا شارۆچکەیەکیان لە ڕۆدئایلاند بە ناوی(ۆرویک) دامەزراند.هەرچەندە لە سەرچاوەکان هۆکاری دوورخستنەوەی ئەم گروپە بە ڕوونی نەخراوەتەڕوو تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ناوبراو نەیاری حکومەتی بۆستن بووە(هەروتی، ٢٠١٦: ٣٧)، بەلآم بەوپێیەی حکومەتی بۆستن مۆرکێکی ئایینی توندی هەبووە ڕێیتێدەچێت هۆکارەکەی وەکو دوورخراوەکانی پێشوتر ئایینی بووبێت.

بەمجۆرە و لە ئەنجامی ناکۆکی و تێڕوانینی جیاوازی ئایینی چەند گروپێک لە نشینگەی مساچوسیتس دوورخرانەوە، ئەمەش دامەزراندنی نیشینگەیەکی دیکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ناوی ڕۆدئایلاند لێکەوتەوە کە لە ساڵی١٦٤٤ لەلایەن پەرلەمانی ئینگلتەراوە پێبەخشراو لە ساڵی ١٦٦٣ بڕیارەکە لەلایەن پادشاوە پەسند کرا(صالح، ١٩٨٢: ٥١٦).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە هەمان ساڵ-١٦٣٦- ژمارەیەکی دیکە لە دانیشتوانی بۆستن بە ڕێبەرایەتی قەشە(تۆماس هۆکەر) بە هۆکاری ئایینی

نشــینگەکەیان جێهێشــت، لە ڕاســتدا ئەمــانە هەر نــاکۆکی ئایینیــان لەگەڵ دەســەڵآتدارانی بۆســتن نەبـوو، بەڵکـو کێشــەی ئـابوریش هۆکـارێکی دیـکەی کۆچکردنیــان بــوو، بەڵآم نــاکۆکیە ئایینیەکــان کــاریگەری زیــاتری لە ســەر کۆچکردنیان هەبوو، چونکە ئەگەر تەنیا کێشەی ئابوریان هەبوایە دەیانتوانی لە ناوچەیەکی دیکەی سنوری مساچوسیتس نیشتەجێبن (Brady،19 :2015).

قەشـە( تۆماس هـۆکەر) خـاوەن تیـوربیەک بـوو کە پێیوابـوو: دەسـەڵآت لە ڕەزامەنــدی مــیللەتەوە ســەرچاوە دەگرێــت و پێویســتە بەوپەڕی ئــازادی گوزارشـتی لێبکرێت، بێگومـان ئەو تیـۆرە لەگەڵ بیروبـاوەڕی دەسـەڵآتدارانی بۆســتن نەدەگونجــا، بــۆیە تۆمــاس هــۆکەر لەگەڵ لایەنگرانــی نیشــینگەی مساچوسیتســـیان جێهێشـــت و بەرەو زەویـــیە بە پیتەکـــانی دۆڵـــی ڕوبـاری(کۆنێکتەکەت) ڕۆیشـتن و شـارۆچکەی(هارڤارد)یان دامەزرانـد(صـالح، ١٩٨٢: ٥١٦؛ Zinn،1999:15).

دوای ئەمـانە بە چەنـد سـاڵێک گروپێکـی دیکە بە ڕێبەرایەتـی قەشـە(جۆن داڤینپــۆرت) لە نشــینگەی مساچەســیتس جیــابوونەوە و لە ســالّی١٦٣٩ شـارۆچکەی( نیوهاڤن)یـان بنیادنـا، پاشـان ئەم شـارۆچکانە دەسـتورێکیان بـۆ خۆیـان دانـا کە جـۆری حـوکمرانی نشـینگەکەی تێدا دیـاری کـرا، هەرچەنـدە دەســـتورەکە جیـــاوازییەکی زۆری نەبـــوو لەگەڵ ئەوەی لە نشـــینگەی مساچوسیتس هەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ڕووی ئایینیەوە ئازادی زیـاتری بە دانیشــتوانەکەی بەخشــیبوو. هەرچۆنێــک بێــت ئەم دوو شــارۆچکەیەی و شارۆچکەیەکی دیکە کە لە سالّی ١٦٣٧ لەلایەن پیۆریتانەکان لە نـاوچەیەک بە ناوی(ســـیبرۆک) دامەزرا بـــوو لە ســـالّی١٦٦٢ یەکیـــان گـــرت و نشینگەی(کۆنێکتەکەت)یان ڕاگەیاند، هەر هەمـان سـاڵ ڕەزامەندی شـاهانەیان وەرگرت و بوون بە نشینگەیەکی فەرمی( بارکیز، ٢٠١٣: ٩٩- ١٠٠).

یەکێکــی دیــکە لەو نشــینگانەی لە ئەنجــامی جیــابوونەوەی بەشــێک لە دانیشتوانی مساچوسـیتس دامەزرا نشـینگەی( نیوهامبشـەر) بـوو کە لە سـالّی ١٦٧٩ لەلایەن پادشـای ئینگلتەراوە کـرا بە نشـینگەیەکی سـەربەخۆ (Beard، 15 :1921). شــایانی ئامــاژە بــۆ کــردنە هۆکــاری جیــابوونەوەی ئەوانەی نیوهامبشـــەریان بنیادنـــا لە ســـەرچاوەکان بە تەواوەتـــی نەخـــراوەتەڕوو، هەرچەنـــدە هەنـــدێ ســـەرچاوە ئامـــاژەی ســـەرپێییان داوە بـــۆ فـــاکتەری ئـایینی(Out line،2005:14 )، بەڵآم وەکـو کـۆچکردن و جیابوونەوەکـانی پێشوتر زانیاری تەواویان نەخستۆتەڕوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، هەرچەندە پیاوانی ئایینی پیۆریتانەکان کە دەسەڵاتداری ڕاستەقینە بوون لە (بۆستن)ی ناوەندی نشینگەی مساچوسیتس، خاوەنی بیروباوەڕێکی توندی ئایینی بوون و هەموو ئەو ناکۆکی و جیابونەوانەی لە نشینگەکە ڕوویاندا زادەی هەڵوێست وەرگرتن بوو بەرامبەر بیروباوەڕ و ڕێنماییە ئایینیەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوەیان بەرامبەر نەیارەکانیان لە ئاستێکی دیاریکراو بوو کە زیاتر خۆی لە دوورخستنەوەی ئەو کەسایەتی و گروپانە دەبینیەوە کە دژی بیروباوەڕەکەیان بوون، بە مانایەکی تر کەمتر پەنایان بۆ کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکانیان دەبرد، ئەم شێوازە ڕەفتارکردنە لە توندڕەوی ڕێگربوو لە بەردەم هەڵگیرسانی شەڕێکی ئایینی خوێناوی وەک ئەوەی لە ئەوروپا ڕوویدا.

**بەشی دووەم: بارودۆخی ئایینی و ڕۆڵی لە بنیادنان و پێشخستنی نشینگەکان:**

**تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی نشینگەکان لە نێوان توندڕەویی و لێبوردەیی ئایینی.**

هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونی کۆچکردووان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دامەزراندنی شار و نشینگەکان، کڵێسا و پیاوانی ئایینی ڕۆڵی گەورەیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی ئەم ناوچانەدا بینی، هۆکاری ئەمەش جگە لەوەی ئایین یەکێک بوو لە فاکتەرە سەرەکیەکانی کۆچی ئەوروپیەکان بۆ ئەمریکا و بەشی زۆری کۆچکردووانیش لە ژێر سەرپەرشتی پیاوانی ئایینی بۆ ئەم ناوچانە گواسترانەوە (Out line، 20 -14 :2005 )، دانیشتوانی نشینگەکانیش خۆیان لە سەرەتای نیشتەجێبوونیان باوەڕیان وابوو، دامەزراندنی هەر سیستەمێکی حوکمڕانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕ و ڕێنمایی ئایینی سەرکەوتو نابێت (Brady، 26 :2015 )، بۆیە لە بارودۆخێکی لەم شێوەیە بالادەست بوونی ئایین و پیاوانی ئایینی لە نشینگەکان جێگای هەڵوەستە لە سەر کردن نییە و بارێکی ئاساییە، هەرچۆنێک بێت ئایین کەم تا زۆر لە هەر نشینگەیەک بە ڕێژەی جیاواز ڕۆڵی لە چالاکییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیەکاندا هەبوو.

سەبارەت بە ناوچەکانی نیوئینگلاند و ئەو نشینگانەی تێدا دامەزران، جیاواز لە نشینگەکانی دیکە ئایین ڕۆڵی کاریگەری لە کۆی ژیان و چالاکییە جیاکانی دانیشتوانەکەی هەبوو، بە تایبەتی لە هەردوو نشینگەی مساچوسیتس و کۆنێکتەکەت کە دوای دامەزراندنیان بە ماوەیەکی کورت

کڵێسا و پلەبەندی پیاوانی ئایینی ناو کڵێسا و هۆڵی کۆبونەوەکانیان وەک سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی نشینگەکان دامەزراند (زیادە- فریجی،١٩٤٦: ٣١؛ Zinn،17 :1999) . بەم پێیەی زۆرینەی دانیشتوانی ئەم نشینگانە لە سەر بیروباوەڕی پیۆریتانی بوون و بە هۆکاری چەوسانەوە و نەبوونی ئازادی ئایینی ئینگلتەرایان جێهێشتبوو، هەر لەگەڵ دامەزراندنی نشینگەکان بیروباوەڕی پیۆریتانیان کرد بە ئایینی فەرمی و مۆرکێکی توندی ئایینیشیان بە دامودەزگا و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن دا(هەروتی، ٢٠١٦: ٣٤- ٣٥).

لەم نشینگانە کڵێسا لەگەڵ ئەوەی شوێنی پەرستن بوو، کۆبونەوە کۆمەڵایەتی و کارگێرییەکانیشی تێدا بەڕێوەدەچوو، قەشەکان تەنیا پیاوی ئایینی نەبوون کاروباری زانستی و کۆمەڵایەتی و کارگێریشیان ئەنجام دەدا، تەنانەت ڕێبەرانی ئایینی ئەم نشینگانە وەک:(جۆن کۆتۆن) لە مساچوسیتس، (تۆماس هۆکەر) لە کۆنێکتەکەت، (جۆن داڤینۆرت) لە نیوهامبشەر بۆ گشت بابەتێک لە حکومەتەوە ڕاوێژیان پێدەکرا(Beard ،1921: 17).

لەم بارودۆخەدا دەسەڵاتی فراوانی کڵێسا و پیاوانی ئایینی لە نشینگەکانی نیوئینگلاند- جگە لە ڕۆدئایلاند- بە تایبەتی لە مساچوسیتس فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی توندڕەویی ئایینی، ئەمەش لەو کاتەوە زیاتر پەرەیسەند کە کڵێسای پیۆریتانی بانگەشەی ئەوەی کرد: تەنیا ئەوان لە ویستی خودا دەگەن و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن. هەر لەم تێروانینەوە ڕێگایان بە هیچ بیروباوەڕ و ئاڕاستەیەکی دیکەی ئایینی نەدا بانگەشە بۆ خۆی بکات(نورائی، ٢٠٠٧: ٢١)، هەر کەس و گروپێکیش لە دەرەوەی بیروباوەڕی ئایینی ئەوان بیری بکردبایەوە سزای توندیان بە سەردا دەسەپاند، بۆ نمونە لە نێوان ساڵانی١٦٥٩- ١٦٦١لە بۆستن بڕیاری کوشتنیان بە سەر چوار کەس بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کویکەرز جێبەجێکرد( بارکیز،٢٠١٣: ١٠٦)، هەروەها سزای لێدانیان بەسەر بانگخوازێکی (مەعمەدانی)[*] سەپاند و پاشان لە مساچوسیتس دووریانخستەوە، لە ساڵی ١٦٩٢ لە شاری(سایلم) بە تاوانی سحر و جادو(١٩) کەسیان لە سێدارەدا(زیادە- فریجی، ١٩٤٦: ٣١).

[*] - ئەوانە گروپێکی پڕۆتستانتی بوون، پێیان وابوو کرداری پاککردنەوەی منداڵ دوای لە دایک بوونی بۆ پاککردنەوەی لە هەڵەی یەکەم کردنی بە کەسێکی مەسیحی دەبێت لە تەمەنێکی گونجاو ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی کەسەکە لە مانایەکەی بگات، ئەمانە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەم لە کڵێسای ئنکلیکانی جیابوونەوە( الیوسف، ١٩٦٧: ٢٤١).

شـایانی ئامـاژە پێـدانە ئەم تونـدڕەوییە لە بیروبـاوەڕی ئـایینی و ئەو شـێوازە لە بەڕێـوەبردن تـا نـزیکەی کۆتـایی سـەدەی حەڤـدەم لەم نشـینگانە بەردەوام بوو، بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بە سـەر داهـات و وەک خۆی نەمایەوە، لەمەشدا چەند فاکتەرێک ڕۆڵی سەرەکییان بینی، لەوانە: بڵاوبوونەوەی بازرگانی لە ناوچەکە کە چەندان بیروباوەڕی تازە و کراوەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەروەهـا دەسـتکاریی کـردن و تـازەکردنەوەی مەزهەبـی کالڤینی کە بیروباوەڕی ئایینی پیۆریتانەکان بوو لەلایەن ژمارەیەک لە پیاوانی ئـایینی ئینگلیـزی و فەرەنسـی کە تـا ڕادەیەک تونـدڕەویی تێدا کەمکـرایەوە و میانڕەویی تێدا زەقکرایەوە (Beard ،1921: 17)، بۆ نمـونە: خـواردنەوەی مەی بە قەدەغەکراویی مایەوە، بەڵام ڕێگایاندا بە خـواردنەوەی شـەرابی دڵـۆپێنراو، هەروەها سزای ئەو کەسـانە دەدرا کە پەیوەنـدی سیکسـی نایاسـاییان ئەنجـام بـدابایە، کەچـی هەنـدێ شـوێنیان بـۆ سـەماکردن و چەنـد شـێوازێکی دیـکەی ڕابــواردن کردبـــووەوە. لەگەڵ هەمـــوو ئەو گۆڕانکاریـــانە پیـــاوانی ئـــایینی پیۆریتانەکان توانیـان پارێزگـاری لە هەنـدێ بـۆنە و ئەرکـی ئـایینی بکەن و بـۆ ماوەیەکی درێژتر بیانهێڵنەوە، وەک: پیـرۆزی ڕۆژی یەکشـەممە کە قەدەغەکـرا بــوو هــیچ کارێــک لەم ڕۆژەدا ئەنجــام بــدرێت، تەنــانەت گەشــتکردن لە نــاوچەیەکەوە بــۆ نــاوچەیەکی تــر ڕێــگە پێــدراو نەبــوو، بــۆ ئەمەش میوانخانەکانیان ناچار کردبوو لەم ڕۆژەدا دەرگاکانیـان دابـخەن(بـارکیز،٢٠١٣: ١٠٧-١٠٨)

هەر لە نیوئینگلانــد بەڵام لە نشــینگەی(ڕۆدئایلاند) بــارودۆخەکە لە ڕووی ئـایینیەوە تەواو جیـاواز بـوو لە بـارودۆخی ئـایینی ئەو نشـینگانەی پێشـوتر ئاماژەی بۆ کرا. ئەم نشینگەیە کە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و ملکەچنەکردنی بۆ توندڕەویی ئایینی بە سەرپەرشتی(ڕۆجەر ویلیامز) دامەزرا، هەمـوو جـۆرە تونـدڕەویەکی تێدا ڕەتکرایەوە و بە کـرداریش ئـایین لە دەوڵەت جیـاکرایەوە، لێبوردەیی ئایینیش بوو بەردی بناغەی ئەو سیسـتەمە سیاسـی و کـارگێرییەی کە لە سـەر بنەماکانی دیموکراتی بنیادنرا (بینیە، ١٩٤٥: ٣٨) .

شـــایانی ئامـــاژە پێـــدانە ئـــازادی بە گشـــتی و بیـــروڕا بە تـــایبەتی لەم نشـینگەیە بە شـێوەیەک پەرەیســەند بـوو تەنـانەت ئەوانەی خـاوەن ڕەفتـاری شازیش بوون ڕێگایان پێدرا تێدا نیشتەجێبن. سـەرباری ئەوانە لە ڕۆدئایلاند کەس ناچار نەدەکرا بۆ چوونە کڵێسا، وە ئەنجـام نەدانـی نـوێژی شـەممۆانیش بە تاوان دانەدەنرا، هەروەهـا پلە و پۆسـتە کـارگێری و سیاسـیەکان تەنیـا بـۆ

پیاوانی ئایینی قۆرخ نەکرابوو بەلکو هەرهاوولآتیەکی ئاسایی مافی وەرگرتنی ئەو پۆستانەی هەبوو، ئافرەتانیش زۆر لە مافە شارستانیەکانیان پێبەخشرا، ڕێگا بە بەشێکی فراوان لە توێژەکان درا بەشداری دەنگدان بکەن(هەروتی، ٢٠١٦: ٣٨) .

ئەم بارودۆخە ئایینیەی لە ڕۆدئایلاند سەریهەڵدابوو پیاوانی ئایینی لە مساچوسیتس نیگەران کردبوو، ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بوو بێت کە هەردوو نشینگەکە لە ڕووی جوگرافیەوە لە هەمان ناوچە بوون و دراوسێی یەکتری بوون، مەترسی ئەوەیان هەبووبێت ئەم شێوازە لە بیروباوەڕ و حوکمڕانی کاریگەری بۆ سەر نشینگەکەیان هەبێت، ئەمەش کە دواجار ململانێی ئایینی و فیکری نێوان هەردوو لایەنی لێکەوتەوە، هەر لەم سۆنگەوە پیاوانی ئایینی لە مساچوسیتس لە چەند بۆنەیەکدا یە گاڵتەپێکردنەوە ئاماژەیان بۆ حوکمڕانی ڕۆدئایلاند دەکرد و وەک ئەزمونێکی خراپ ناویان دەهێنا، لە بەرامبەردا (ڕۆجەر ویلیامز) بە بەردەوامی بەرگری لە بیروباوەڕەکانی خۆی دەکرد بۆ نمونە لە وتارێکدا بە ناوی (بیروباوەڕی خوێناوی و چەوسانەوەی ویژدان) کە وەلآمێک بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی لەلایەن پیاوانی ئایینی مساچوسیتسەوە لێیان دەگیرا، تێدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بوو: هەر گروپ و کۆمەڵە کەسێک مافیان هەیە یەکبگرن و کڵێسا بەپێی بیروباوەڕی خۆیان دامەزرێنن، هەر لەم چوارچێوەیەدا (جۆن کۆتۆن)ی ئەندامی بالآی کڵێسا لە بۆستن نامیلکەیەکی دژی بارودۆخی ئایینی لە ڕۆدئایلاند بلآوکردەوە، بە هەمان شێوەی ویلیامز وەلآمی دایەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد : بۆچونەکانی (جۆن کۆتۆن) بیروباوەڕی توندڕەویی زیاتر بەرهەم دەهێنێت و ئەو ئازادییەی لە ڕۆدئایلاند دەستی پێکردووە یەکەم خشتی بنیادنانی بیروباوەڕی ئازادە لە نیشینگەکانی ئەمریکا(بارکیز، ٢٠١٣: ١٠١) .

لە ڕاستیدا ئەم ململانێیە فکرییەی لە نێوان پیاوانی ئایینی هەردوو نشینگەی مساچوسیتس و ڕۆدئایلاند لەو قۆناغەدا دەستی پێکرد سەرەتاییەکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی سیستەمێکی سیاسی و کارگێری لە سەر بنەماکانی دیموکراتی و عەلمانی.

بیروباوەڕی ئایینی لە هەندێ نشینگەی دیکەی دەرەوەی نیوئینگلاند ببووە هێڵی سەرەکی دارشتنی سیستەمی بەڕێوەبردن و ژیانی کۆمەلآیەتی، بەجۆرێک گەلێک جار بارودۆخە ئایینیەکە وێنایەکی نیشان دەدا کە لە یەک

کاتدا دیمەنێکی لێبوردەیی ئایینی و ئەویتریان توندڕەویی ئایینی بوو، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر نشینگەی (میریلاند) وەک نموونە وەرگرین ئەوە بە ڕوونی ئەم دیمەنانەی تێدا دەبینرێ، ئەم نشینگەیە کە لە سەرەتا بۆ کاسۆلیکەکان دامەزرا هەر زوو یاسای لێبوردەیی ئایینی تێدا ڕاگەیندرا، بە هۆی ئەم یاساییەوە ڕێگە بە پرۆتستانەکان درا لە نیشینگەکە نیشتەجێبن(سەبعاوی،٢٠١٠: ٤٣-٤٤)، تاوایلێهات ژمارەی پرۆتستانەکان بوو بە دوو ئەوەندەی کاسۆلیکەکان(زیادە- فریجی،١٩٤٦: ٣٣) . ئەم گیانی لێبوردنە لە ڕووی ئایینیەوە نەک هەر لە میریلاند بەڵکو لە زۆربەی نشینگەکان بوو بە بنەمایەکی سەرەکەوتنی کۆچکردووان بۆ بنیادنانی شار و شارۆچکەکان، بەلآم پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەم یاسای لێبوردنە چوارچێوەیەکی فراوانی نەبوو، بەڵکو لێبوردنەکە تەنیا پەیوەندی نێوان کاسۆلیکەکان و پرۆتستانەکانی لە نیشینگەکە ئاسایی کردەوە، لە بەرامبەردا بیروباوەڕ و مەزهەبەکانی دیکەی ئایینی لە شالآوی توندڕەویی پیاوانی ئایینی کاسۆلیکەکان ڕزگاریان نەبوو، تەنانەت سزای زۆر قورسیان بەسەردا سەپێنرا، بۆ نمونە فەرمانی لە سێدارەدان بۆ هەموو ئەوانە دەرچوو کە سەر بە بیروباوەڕی(موەحیدین)[*]ەکان بوون یان ئەوانەی سەر بە ئایینی مەسیحی نەبوون(صالح، ١٩٨٢: ٥١٧). تەنانەت دواجار دەمارگیری ئایینی لە میریلاند لە نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتەکانیش سەرباری ئەو لێبوردنە ئایینیەی ڕاگەیندرابووسەریهەڵدایەوە، بە تایبەتی کاسۆلیکە کە دەسەلآتدارەکانی نشینگەکە دادپەروەرانە مامەڵیان لەگەڵ هەردوولادا نەدەکرد، لەبەرئەوە کاسۆلیکەکان لە تێروانینی پرۆتستانەکان دوژمنی مەسیحیەت بوون، تەنانەت چەند ڕاپەڕینێکیان دژی حکومەتەکەیان بەرپاکرد (بارکیز،٢٠١٣: ٩٠) . دەمارگیری ئایینی نێوان ئەو دوو بیروباوەڕە لە میریلاند لە ساڵی ١٦٩٢ بە دواوە بە ئاشکرا دەرکەوت بە تایبەتی کاتێک نەوەکانی (بالتیمۆر) وازیان لە بیروباوەڕی کاسۆلیکی هێنا و چوونە سەر

[*] - دامەزرێنەری ئەم بیروباوەڕە پزیشکێکی ئیسپانی(میخائیل سرڤینوس١٥١١- ١٥٥٣)بوو، ئەمانە بە تەواوی دژی خودا بوونی مەسیح بوون، هەروەها پێیان وابوو چارەنوسی مرۆڤ پێش وەخت دیارنەکراوە، ئەمانە لە سەدەی حەڤدەم توشی گەورەترین چەوسانەوە و ئەشکەنجەدان بوون لەلایەن کاسۆلیکەکان و پرۆتستانەکان ، بە تایبەتی کاسۆلیکەکان (رستم، ٢٠٠٤: ١٦٩- ١٧٠).

بیروباوەڕی پرۆتستانت، دوای ئەم ڕووداوە بنەماڵەی (بالتیمۆر) ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی میریلاند کە کاسۆلیکی بوو لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت دوورخرانەوە (صالح،١٩٨٢: ٥١٧). دواتر لە سەرەتای سەدەی حەڤدەم نشینگەکە خرایە ژێر حوکمڕانی ڕاستەوخۆی پادشای ئینگلتەرا و کڵێسای ئینکلیکانیش کرایە کڵێسای فەرمی نیشینگەکە(بارکیز، ٢٠١٣: ٩٠).

بارودۆخی ئایینی لە نشینگەکانی ناوەڕاست(*) جگە لە میریلاند کە پێشوتر باسکرا، بە گشتی تایبەتمەندی هەمەڕەنگیان لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە تێدا بوو، پەنسلڤانیا و دیلاوەر کە دوو نشینگەی ئەم ناوچەیە بوون و لەلایەن هەوادارانی بیروباوەڕی(کویکەرزەکان)ەوە دامەزرا بوو (فیدرمان،د.ت: ١٧)، هەر لە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەیان ڕێگەدرا بە هەموو ئەوانەی لە سەر هەر بیروباوەڕێکی ئایینین و باوەڕیان بە تاک خودایی هەیە تێدا نیشتەجێ بن (Beard،1921:35)، ئەمەش زیاتر بۆ کاریگەری بیروباوەڕەکانی(ولیەم پین) دامەزرێنەری نشینگەی پەنسلڤانیا دەگەڕایەوە کە دروشمی برایەتی و ئاشتەوایی هەڵگرتبوو، ناوبراو بە کردار پێشوازی لە هەموو ئەو کەس وگروپانە کرد کە سەر بە هەر بیروباوەڕێکی ئایینی بوون، چونکە ئەو پێیوابوو هەموو بیروباوەڕەکان دەتوانن لە چوارچێوەی ناوچەیەک یان شارێک بژین ئەگەر لێبوردەیی و دادپەروەریی هەبێت (بارکیز، ٢٠١٣: ١١٤). لە ڕاستیدا ئەم دروشمانەی ولیەم پین بەرزیکردبووەوە بە شێوەیەک لە مامەڵەکردنی ڕۆژانەدا لەگەڵ ئەوانی دیکە ڕەنگیدا بووەوە تەنانەت مافی هیندەسورەکانیشی پێشێڵ نەکرد و لە جیاتی ئەوەی وەک نشینگەکانی دیکە دەست بە سەر زەوییەکانییان دابگرێت لێیکڕینەوە (هەروتی،٢٠١٦: ٤٥) .

لەلایەکی دیکە ئەو یاسایانەی لەلایەن(ولیەم پین)ەوە بۆ بەڕێوەبردنی نشینگەکە دارێژرا ئازادی ئایینی تێدا کرابوو بە بنەمای سەرەکی، هەروەها حکومەتێکی دیموکراتی پێکهێنا کە دەسەڵات لە دەست نوێنەرانی میللەت بوو نەوەک پیاوانی ئایینی، سەرباری ئەمەش دانیشتوانی نشینگەکە باوەڕیان وابوو تاکە پارێزەری مرۆڤ لە خراپەکاری ویژدانیەتی نەک قەشە و پیاوانی

* - نشینگەکانی ناوەڕاست بریتی بوون لە: ماریلاند، پەنسلڤانیا، دیلاوەر، نیویۆرک، نیوجرسی.

ئـاییني، هەروەهـا هەوڵێكـی زۆریـان خسـتەگەڕ بـۆ پێكەوەژیـانی نێـوان بیروباوەڕە جیاوازەكان، هەر بۆیە لە مێژووی ئەم نشینگەیە هیچ هەوڵێک بۆ سـەپاندنی بیروبـاوەڕێكی دیـاریكراو بە سـەر دانیشـتوانەكەی بـوونی نیـیە و كڵێسای فەرمیشی تێدا دروست نەبوو، ئەمانە هەموو هۆكار بوون بۆ ئەوەی كـۆچبەران لە نشـینگەكانی دیـكەوە بـۆ پەنسـلڤانیا كـۆچ بـكەن( زیـادە- فریجـی، ١٩٤٦: ٣١) .

سەبارەت بە نیویۆرک و نیوجرسی، ئەم دوو نشینگەیە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ئایینیەوە هەمەڕەنگ بـوون بە هـۆی نیشـتەجێبوونی كـۆچبەری جیاواز تێدا، بەڵام زیاتر بیروباوەڕی ئەنكلیكانی وەک ئاییینی فەرمی تێدا ناسـرا بـوو، چـونكە ئەم دوو نشـینگەیە سـەر بە پادشـای ئینگلـتەرا بـوون ( زیـادە- فریجـی، ١٩٤٦: ٣١). بە شـێوەیەكی گشـتی ئـایین كـاریگەری گەورەی بە سـەر ژیـانی ڕۆژانەی ئەم دوو نشـینگەیە نەبـوو، ئەمەش بـۆ ئەوە دەگەڕایەوە كە ئەم ناوچـانە لە سـەرەتادا لەلایەن هۆڵـندییەكان وەک بـنكە و مەڵبەنـدی بازرگـانی ئـاوەدانكرابووەوە، كـۆچكردوانیش بە هۆكـاری ئـاییني ڕوویـان تێنەكردبوو(هەروتی،٢٠١٦: ٤٣- ٤٤) . لە ڕاستیدا بەشی زۆری دانیشـتوانەكەی بە كاروبـاری بازرگـانیەوە خەریـک بـوون، دوای دەسـت بە سـەرداگرتنی لەلایەن ئینگلیزەكـانەوە هەر وەكـو مەڵبەنـدی بازرگـانی مـایەوە و مـۆركێكی ئاییني بە سەردا نەسەپێندرا(Weinberg، 47 :2003 ).

نشینگەكانی باشور بە گشتی لە ڕووی بارودۆخی ئاییینیەوە جیاوازییەكی گەورەیـان لەگەڵ نشـینگەكانی نیوئینگلاند هەبوو، لە باشـور كڵێسـا و پیـاوانی ئـاییني بە هـیچ شـێوەیەک نەیانـدەتوانی بڕیارەكـانی خۆیـان یـان ڕێنمـاییە ئاییینیەكـان بە سـەر دانیشـتوان بسـەپێنن، هۆكـارێكی سـەرەكی ئەمەش بـۆ شێوەی دابەشبوونی نیشـتەجێبووانی نشـینگەكان دەگەڕایەوە، لە ڕاسـتیدا ئەم هۆكـارە زیـاتر هەردوو نشـینگەی كارولینـای بـاكور و باشـوری دەگـرتەوە(*)، چـونكە بـارودۆخەكە لە ڤرجینیـا و جۆرجیـا كە دواتـر ئاماژەیـان بـۆ دەكرێـت جیاواز بوو. لە هەردوو كارولینیاكە زەوییە كشتوكاڵیەكان زۆر فراوان بوون، لەگەڵ ئەوەشـدا چـڕی دانیشـتوانی تێـدا زۆر كەم بـوو، ئەمەش وایكردبـوو

* - لە سـاڵی ١٧١٢ نشـینگەی كارولینـا بە فەرمـی بـۆ دوو بەش بـاكور و باشـور دابەشبوو (هەروتی،٢٠١٦: ٤٣.

خێزانەکـان دوور لە یەکتـر بـژین و بە دەگـمەن پـێکەوە کـۆببنەوە، ئەگەر دەرفەتێکـی لەم جۆرەشـیان بـۆ ڕەخسـابوایە ئەوە بـۆ دەربڕینـی خۆشـی و سازکردنی ئاهەنگ دەیانقۆستەوە، بۆیە سەپاندنی هەر بڕیارێک بە سەریاندا ئاسان نەبوو(زیدە- فریجی، ١٩٤٦: ٣٠) .

هۆکارێکی دیکەی ئەم بارودۆخە ئایینیە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دانیشتوانی کارولینا بە گشتی لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە بە سەر ژمارەیەک گروپ و کـۆمەڵی ئـایینی جیـاواز دابەش ببـوون، بـوونی ئەو فـرە ڕەنگـیەش بـۆ سەرەتای دامەزراندن و ئاوەدانکردنەوەی نشینگەکە دەگەڕایەوە، ئەو کاتەی —سـاڵی١٦٦٣ — نـاوچەکە بەخشـرایە چەنـد خانەدانێـک، ئەمـانیش دەرگـای هاتنیـان بـۆ گشـت گـروپ و کـۆمەڵێکی ئـایینی کـردەوە، ئەمەش فـاکتەرێکی یارمەتیدەر بـوو تـا ژمـارەیەکی زۆر لە کـۆچبەران بە جیـاوازی بیروبـاوەڕی ئایینیـان ڕوو لەم نشـینگەیە بـکەن(هەروتـی، ٢٠١٦: ٤٢- ٤٣)، بەم پێـیەش نەتـوانرا هـیچ کڵێسـایەکی فەرمـی تێدا دامەزرێ. لەلایەکـی دیکە دانیشـتوانی هەردوو نشینگەکەش بە گشتی پەیوەست نەبوون بە ڕێنماییە ئایینیەکـان، بۆ نمونە : بە پیرۆز ڕانەگرتنی ڕۆژانی یەکشـەمموان، ئەوان تەنیا کاتەکانی نوێژ بۆ کڵێسـا دەچوون( زیادە- فریجی، ١٩٤٦: ٣٠) . بەمشێوەیە لێبوردەیی ئایینی هەر لە سـەرەتاوە لەم دوو نشـینگەیە بـوونی هەبـووە و هـیچ کردارێکـی توندڕەویی لەلایەن گروپە ئایینیەکان بەرامبەر یەکتری ڕوویینەداوە.

ڤرجینیا کە یەکێکی دیکەیە لە نشینگەکانی باشـور و یەکەم نشینگە بـوو لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا دامەزرا، ئـایین کـاریگەرییەکی گەورەی بە سـەر ژیـان و گەشـەکردنی دانیشـتوانەکەی نەبـوو، چـونکە لەم نشـینگەیە ژمـارەی پیـاوانی ئـایینی بە بەراورد بە نشـینگەکانی دیـکە زۆر کەمتـر بـوون،لەبەرئەوە نەیـانتوانی بـوو کـاریگەری قوڵیـان بە سـەر بیروبـاوەڕی دانیشتوانەکەی هەبێت وخزمەتـی گەورە پێشکەش بکەن، هەروەهـا لە ڕووی فیکری و پلەی ئایینیەوە لە ئاستێکی بەرز نەبوون، بۆیە لەبەر هەمـوو ئەمـانە هەرچەنـدە لە سـەرەتا یاسـاکانی ڤرجینیـا مـۆرکێکی بە هێـزی بیروبـاوەڕی پیۆریتـانی پێـوە دیـار بـوو، بەڵام نەتـوانرا بە سـەر دانیشـتوانەکەی بسـەپێندرێت(بـارکیز، ٢٠١٣: ١٠٥) . لە ڕاسـتیدا هۆکـاری سـەرەکی دیـکەی باڵادەست نەبوونی کڵێسـا و پیـاوانی ئایینی لە ڤیرجینیـا بـۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە ئەم نشـینگەیە لە بنەڕەتـدا لەلایەن کۆمپانیـایەکی بازرگـانیەوە دامەزرا و

ئــاوەدانکرایەوە و پیــاوانی ئــایینی ڕۆڵێکــی گەورەیــان تێــدا نەبینیــوە، دانیشتوانەکەشــی بە هــۆی چەوســانەوەی ئــایینی کۆچیــان بــۆ نشــینگەکە نەکردبوو، بەلکو هۆکاری ئابوری هاندەری سەرەکییان بوو.

سەبارەت بە نشینگەی جۆرجیا، لە ڕاستیدا ناتوانرێت زانیارییەکی زۆر لە ســەر بــارودۆخی ئــایینی ئەم نشــینگەیە بخــرێتەڕوو، چــونکە ڕێککەوتــی دامەزرانــدنی نشــینگەکە هاوکــاتە لەگەڵ مــاوەی کۆتــایی ئەم تــوێژینەوەیە کە ســاڵی ١٧٣٢وە، بــۆیە هەوڵــدەدەین بە کــورتی ئامــاژەی پێبــدەین. نشــینگەی جۆرجیــا بەوێــنەی هەنــدێ نشــینگەی تــر لە یەک کاتــدا هەردوو دیــاردەی تونــدڕەویی و لێبــوردەیی ئــایینی تێــدا بەدیــدەکرا، لەبەرئەوەی لەلایەک دامەزرێنەرانــی نشــینگەکە لە ســەرەتای ئــاوەدانکردنەوە و دامەزراندنیــدا دەرگــای نشــینگەکەیان بــۆ گشــت بیروبــاوەڕە ئایینیەکــان والآ کــرد لەلایەکــی دیــکەش ڕێگایــان نەدا ئەوانەی ســەر بە مەزهەبــی کاســۆلیکی بــوون تێــدا نیشــتەجێبن، کە ئەمەش لە یەک کاتــدا پەیڕەوکردنــی هەردوو هەڵوێســتی لێبوردەیی و توندڕەویی ئایینی بوو(صالح، ١٩٨٢: ٥٢٣) .

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، سەرباری ئەوەی هەندێ لە نشینگەکان توندڕەویی و دەمارگیریی ئایینیان تێدا بەهێز بوو، بەلآم دواجار تێکەڵبوونی هەموو ئەو گروپ و بیروباوەڕە ئایینیە جیاوازە لەگەڵ یەکتری بە ئاڕاســتەی لێکگەیشــتن و پێکەوەژیــانی بــردن، چــونکە هەڵگــری هەمــوو بیروباوەڕەکــان گەیشــتنە ئەو ڕاســتییەی : بــۆ ئەوەی ژیــانێکی بــاش و بەختەوەر بەدەست بێنن پێویستە پشت لە توندڕەویی ئایینی بکەن و بەرەو لێبوردەیی ئایینی هەنگاو بنێن کە ئەمەش لە قۆناغەکانی دواتر بە تەواوی لە نشینگەکان چەسپا.

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی ئایین لە بنیادنان و پێشخستنی نشینگەکان:**

ئــایین یەکێــک بــوو لەو فــاکتەرە ســەرەکیانەی لە ســەرەتای دامەزرانــدنی نشــینگەکاندا ڕۆڵێکــی گەورەی لە بنیادنــان و پێشخســتنی کۆمەڵگای ئەمریکــادا بینــی، بە تــایبەتی لە پەیوەنــدییە کۆمەڵآیەتیەکــان و دامەزرانــدنی بەشــێک لە دامودەزگــا کــارگێری و پەروەردەیــی و زانســتیەکاندا، ئەمەش ڕەنگــدانەوە و کاریگەری لە سەر پرۆسەی بەرەو پێشبردنی بواری زانستی و ڕۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵآیەتی نشینگەکان هەبوو، تایبەت لەو نشینگانەی کە کڵێسا و

پیاوانی ئایینی تێدا باڵادەست بوون لە پێشەوەی هەموویان نشینگەکانی نیوئینگلاند.

بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی پیۆریتانی لە نشینگەکان کە زۆر بە توندی دژی چەسپاندنی سیستەمی خانەدانی و چینایەتی بوو؛ لە هەمان کاتدا دەروازەییەکی والآ بوو بۆ پێشکەوتن و بە دەستهێنانی ماڵ وسامان، کاریگەرییەکی گەورەی بە سەر تیۆوانین و مامەڵەی دانیشتوان لە نشینگەکان هەبوو، چونکە یەکێک لە دروشمە سەرەکیەکانی ئەم بیروباوەڕە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و هەوڵ و تێکۆشان بوو لە پێناو چاککردنی ژیانی هاوولآتیان(نورائی، ٢٠٠٧: ١٨) .

پیۆریتانەکان باوەڕیان وابوو مرۆڤ بە سروشت خراپەکارە و تەنیا لە ڕێگای ئازار و وریاکردنەوەی دەرونی بەردەوام دەبێت بە کەسێکی باش، بۆ ئەمەش کاری قورسیان بە ئەرکێکی ئایینی و بەشێک لە پەرستن دادەنا، هەروەها پێیان وابوو ڕەزامەندی خودا هەر لە ڕێگای گوێڕایەلی بۆ فەرمان و پەیرەوکردنی بنەما ئایینیەکان نایەتەدی، بەڵکو کارکردن و کۆکردنەوەی سامان و خۆشگوزەرانی بەشێکە لە بەدەستهێنانی ئەو ڕەزامەندییە. هەر لە گۆشەنیگای ئەو بیروباوەڕانە دابوو یاسا سەرەتاییەکان لە نیوئینگلآند هەموو جۆرە بێکاری و خۆدزینەوە لە کارکردنی قەدەغە کردبوو، کەسانی بێکاریش بە توندی سزا دەدران و وەک هاوڕێی شەیتان سەیر دەکران(هەروتی، ٢٠١٦: ٥٢) .

هەر لەم چوارچێوەیەدا پیاوانی ئایینی پیۆریتانەکان ئامۆژگاری دانیشتوانی نشینگەکانیان دەکرد: هەوڵ و کۆشش و کارکردن بەشێکە لە پەیمانی ئایینی و لێپرسراوەتی کۆمەڵآیەتی و ئابوری، لەم سۆنگەوە لە سەر کەسانی باوەڕدار پێویستە سەرکەوتو بن لە ژیانی دارایی (نورائی، ٢٠١٦: ٢٠) . بە هەمان شێوە ڕێنمایی پیشەگەرانیان دەکرد : کە نابێت بە هیچ جۆرێک هەوڵی بە دەستهێنانی قازانجی نادادپەروەرانە بدەن، چونکە ئەمە دژی ویستی خودایە، هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد هەر کەسێک کارەکانی خۆی بۆ بەرجەستەکردنی ویستی خودا تەرخان بکات، ئەوە ڕەزامەندی خودا بە دەست دەهێنێت و لە بواری داراییش سەرکەوتو دەبێت، ئەم ئاڕاستەیە یارمەتیدەری سەرەکی بوو بۆ گەشەسەندنی خێراتری سامان و ئابوری لە نیوئینگلاند، هەروەها بووە هێزێکی چالاکیش لە

بەرجەستەکردنی گیانی داهێنان لە کۆمەڵگای ئەمریکی بە گشتی(بارکیز، ٢٠١٣: ١٠٩) .

لەم زانیارییانەی خرایەڕوو دەردەکەوێت ئایین ڕۆڵێکی ئەرێنی بینیوە لە هاندانی دانیشتوانی نشینگەکان بۆ کارکردنی بەردەوام و دوورکەوتنەوە لە بێکاری، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو لە بنیادنان و پێشخستنی نشینگەکان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، تا لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەم گۆڕانکاری گەورەی لە شار و شارۆچکەکانی نیوئینگلاند لێکەوتەوە(نورائی، ٢٠٠٧: ١٨) .

بوارێکی دیکە کە پیۆریتانەکان کاریان لە سەر کرد و ڕۆڵی هەبوو لە پێشخستنی دانیشتوان لایەنی کۆمەڵایەتی بوو، لەم بوارەدا تێڕوانینی پیۆریتانەکان جیاواز بوو لە تێڕوانینی کاسۆلیکەکان بۆ خێزان و ژن، ژن کە لای کاسۆلیکەکان جگە لە بەڵایەکی پێویست هیچی تر نەبوو، لای پیۆریتانەکان بایەخێکی گەورەیان هەبوو، تەنانەت بە پیرۆزیان دادەنا و پێیان وابوو لەگەڵ پیاو هاوبەشە و پێکەوە نەخشەی سەرەکی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و بەبێ ئەوان خۆشگوزەرانی دەستەبەر نابێت، ئەم بیروباوەڕەیان بە شێوەیەکی کرداریش لە بوارە جیاوازەکانی کارکردن ڕەنگیدایەوە و ژنانی ئەم نیشینگانە هاوشانی پیاوان ڕۆڵی کاریگەریان لە بنیادنان و پێشکەوتنەکان بینی، تەنانەت لەم بوارەدا لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپا پێشکەوتوتر بوونە(نورائی، ٢٠٠٧:٢٠) .

یەکێکی دیکە لەم بوارە گرنگانەی پیۆریتانەکان لە گۆشەنیگای بیروباوەڕی ئایینیەوە کاریان لە سەر کرد و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پێشخستنی ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی نشینگەکان بواری خوێندن و فێرکردن بوو، ئەم گرنگی پێدانە – وەک ئاماژەی بۆ کرا- لەم بیروباوەڕ ئایینیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێیان وابوو دەسەڵاتی ڕەهای کڵێسای کاسۆلیکی لە ئاڕاستەکردنی تاک و کۆمەڵگا هەڵەیە، لەم ڕووەوە ڕایانگەیاند، کەسانی باوەڕدار پێویستە بەبێ پشتبەستن بە هیچ کەس و ناوەندێک لە بنەماکانی ئایین تێبگات (بارکیز، ٢٠١٣: ١٠٨)، بۆ ئەمەش جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە هەموو تاکێکی باوەڕدار ئەرکە لەسەری فێری خوێندنەوەی ئینجیل بێت و لە ماناکانی بگات، لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا داوایان لە دایک و باوکان کرد منداڵەکانیان فێری خوێندن بکەن(زیادە- فریجی، ١٩٤٦: ٣٢)، بەڵام کاتێک بینیان ئەم شێوازە زۆر سەرکەوتو نییە، چەند ڕێوشوێنێکی دیکەیان گرتەبەر، گرنگترینیان دامەزراندنی قوتابخانەی بوو، هەنگاوەکان لەم بوارەدا بەرەوپێشچوو تا گەیشتەی ئەوەی لە ساڵی ١٦٤٧ یاساییەک لە مساچوسیتس دەرچوو، تێدا

خوێندنی سەرەتایی بەزۆر لە نشینگەکە سەپێنرا، بەپێی یاساکە هەر گوندێک کە دانیشتوانەکەی لە(٥٠) خێزان زیاتر بێت پێویستە قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدا دابمەزرێت(فیدرمان د.ت: ٢٢؛ هەروتی، ٢٠١٦: ٦٠)، هەروەها پێشنیار کرا هەر ناوچەیەک(١٠٠) خێزان زیاتری تێدا نیشتەجێبێت قوتابخانەی ناوەندی تێدا بکرێتەوە، تەنانەت هەر خێزانێک ڕێگری لە چوونی منداڵەکانی بۆ قوتابخانە بکردایە سزا دەدرا(نورائی، ٢٠٠٧: ٢٣) . لە ڕاستیدا بابەتی خوێندن و فێرکردن لەلایەن پیاوانی ئایینی نشینگەکانی نیوئینگلاند بە شێوەیەک گرنگی پێدەدرا کە بەردەوام لە هاندانی دانیشتوانی ناوچەکەدا بوون بۆ چوونە ناو پرۆسەکە، بۆ ئەمەش وتە و زاراوەی سەرنج ڕاکێشیان بڵاودەکردەوە، بۆ نمونە دەیانووت: نەزانین و نەخوێندەواری دایکی کوفرە(زیادە- فریجی، ١٩٤٦: ٣٢) .

هەنگاوێکی دیکەی بواری خوێندن و فێرکردن بڕیاری کردنەوەی زانکۆ بوو، یەکەم هەنگاوی پراکتیکیش بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٦٣٦ ئەنجامدرا کە خۆی لە کردنەوەی زانکۆی(هارڤارد) لە مساچوسیتس بینیەوە(بارکیز، ٢٠١٣: ١٠٨)، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کردنەوەی ئەم زانکۆیە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە پێشکەوتنی خوێندن و پرۆسەی فێرکردن کە ئەمەش بوو بە سەرچاوەیەک بۆ پێشخستنی بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیری و زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە دەرچوانی ئەم زانکۆیە لە ساڵی ١٦٣٩ یەکەم چاپخانەیان لە شاری(کامبریدج) لە مساچوسیتس دامەزراند (هەروتی، ٢٠١٦: ٦٢) و هەر لە هەمان ساڵ یەکەم ڕۆژنامەش هەر لەلایەن دەرچوانی زانکۆکە لە (بۆستن) دەرچوو(بارکیز، ٢٠١٣: ١٠٨).

جگە لەم چالاکییە ڕۆشنبیری و زانستیانەی ئاماژەی بۆ کرا، گرنگیدان بە کتێب یەکێکی دیکە بوو لەو بوارە ڕۆشنبیریانەی بایەخێکی زۆری لەلایەن دانیشتوانی نشینگەکانی نیوئینگلاند پێدرا، سەرەتای ئەم بایەخ پێدانەش بۆ کۆچبەرە یەکەمەکان گەڕاوەتەوە کە هاوشان لەگەڵ خۆیان کتێبخانە بچوکەکانیان بۆ نشینگەکان هێنا، دوای نیشتەجێبونیشیان بەردەوام بوون لە سەر خواستن و هێنانی کتێب لە لەندەن، لەمەشدا پیۆریتانەکان کە خواستێکی گەورەیان بۆ کتێبی ئایینی هەبوو سەرمەشق بوون، بەمشێوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەم بازرگانی کتێب لەم نیشینگانە بە تایبەتی شاری بۆستن گەشانەوەیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی، کتێبەکانیش جگە لە بابەتی ئایینی چەندان بابەتی دیکەی وەک: ئەدەب، زمانە کۆنەکان، مێژوو، کاروباری سیاسی و فەلسەفەی لە خۆ گرتبوو(فیدرمان، د.ت: ٢٥) .

گروپێکی دیکەی ئایینی کە بە هەمان ئاراستەی پیۆریتانەکان کاریان دەکرد کویکەرزەکان بوون،
ئەمانە کە ناوەندی نیشتەجێبونیان نشینگەی پەنسلڤانیا بوو هەوڵ و کۆششی زۆریان دا لە پێناو چاککردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکە، پیاوانی ئایینی کویکەرزەکان بە بەردەوامی ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد تا ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارکردن و بنیادنان، چونکە لە ڕوانگەی بیروباوەڕی ئایینیانەوە کارکردن بەشێکی گرنگی پەرستن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودایە(نورائی، ٢٠٠٧: ١٨- ١٩) . هەروەها بابەتێکی دیکە کە پیاوانی ئایینی ئەم گروپە جەختیان لە سەر دەکردەوە، پاشکەوتکردن و کەم خەرجکردن بوو کە پێیان وابوو ئەمە باشترین شێوازی بەڕێوەبردنی ژیانە(هەروتی، ٢٠١٦: ٥٢)، ژیانێکی سادە دوور لە هەموو نمایشێک، تەنانەت دوای مردنیشیان هیچ جۆرە ناونیشانێکیان بە سەر گۆڕەکانیانەوە جێنەدەهێشت(نورائی، ٢٠٠٧: ٢٠) .

لە بواری خوێندن و فێرکردنیشدا پەنسلڤانیا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیبوو، کویکەرزەکان چەند قوتابخانەیەکیان لە ژێر سەرپەرشتی کڵێسا دامەزراند، هاوکات ژمارەیەک قوتابخانەی تایبەتیش لە فیلادلیفا کرابوونەوە( زیادە- فریجی، ١٩٤٦: ٣٣)، هەر لە نشینگەی پەنسلڤانیا قوتابخانەی شەوانە بۆ فێرکردنی گەوران و خوێندنی کچان دامەزرا بوو(هەروتی، ٢٠١٦: ٦١) .
بەمشێوەیە و لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی چەند شارێک لە نشینگەی پەنسلڤانیا ئاوەدانکرانەوە و بەرەو پێش بران، دیارترینیان شاری فیلادلیفا بوو کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەم بوو بە یەکێک لە شارە هەرە پێشکەوتووەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(زیادە- فریجی، ١٩٤٦: ٣٢).

لە ڕاستیدا ئەم بنیادنان و پێشکەوتنانەی نشینگەکان کە لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی بە خۆیانەوە بینی لە سەرجەم بوارەکان بەگشتی و بە تایبەتیش لە بواری ڕۆشنبیری و زانستی کە خۆی لە کردنەوە و دامەزراندنی قوتابخانە و زانکۆکان بینیەوە گرینگیەکی گەورەی بۆ قۆناغەکانی دواتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو، فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی خوێندەوار کە دواجار ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بەرپاکردنی شۆڕشی ئەمریکا بینی.

## ئەنجام

١ـ ڕابەرە ئایینیەكان ڕۆڵی كاریگەریان بینی لە بەكارهێنان و ئاراستەكردنی بیروباوەڕی ئایینی، ئەمانە لە ڕێگای بیروباوەڕی ئایینیەوە دەتوانن كۆمەڵگا بۆ كاری چاك و بنیادنان ئاراستە بكەن، لە هەمان كات توانی خراپ بەكارهێنانی ئایینیان هەیە كە شەڕ و ناكۆكی وماڵوێرانی لێدەكەوێتەوە.
٢. بە هۆی ئەوەی ڕێژەیەكی زۆر لەوانەی بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكان ئەمریكا كۆچیان كرد بوو كێشە و ململانێی ئایینیان لە ئەوروپا هەبوو، توانرا سوود لە هەستی ئایینیان وەربگیرێت بۆ پێشخستن و بنیادنانی نشینگەكان.
٣. هەرچەندە توندڕەویی لەلایەن هەندێ بیروباوەڕی ئایینیەوە پەیڕەو كرا، بەلآم نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی بیر لە كۆمەڵكوژی یان شەڕی مەزهەبی و لە ناوبردنی یەكتری بكرێتەوە.
٤. پیۆریتانەكان لە هەموو بیروباوەڕە ئایینیەكانی دیكە زیاتر ڕۆڵی ئایینیان لە نشینگەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بینیوە.
٥. دانیشتوانی نشینگەكان بە شێوەیەكی گشتی لەگەڵ لێبوردەیی ئایینی بوون بۆیە دواجار هەر ئەم تێڕوانینە سەركەوت و بە ئامانج گەیشت و هیچ یەكێك لە بیروباوەڕە ئایینیەكان نەیانتوانی بالآدەست بن لە ناو كۆمەڵگای ئەمریكا و هیچ كڵێسایەكیش نەبوو بە كڵێسای فەرمی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.
٦ـ بەرژەوەندییە ئابوریەكان گەلێك جار فاكتەری یەكلاكەرەوە بوون بۆ پێكەوەژیانی گروپە ئایینیە جیاوازەكان، چونكە خاوەن بەرژەوەندییەكان و دەسەلآتدارانی نشینگەكان ئەوەندەی بیریان لە هێز و توانا و پیشەی كۆچكردووەكان دەكردەوە ئەوەندە جەختیان لە سەر بیروباوەڕی ئایینیان نەدەكردەوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بە زمانی عەرەبی.**

١ـ الشيخ، د. رأفت غنيمى، ٢٠٠٦: أمريكا والعالم في التاريخ الحديث و المعاصر، الدوحة.
٢ـ اليوسف، عبدالقادر أحمد، ١٩٦٧: العصور الوسطى الاوروبية٤٧٦ـ ١٥٠٠، المكتبة العصرية، بيروت.
٣- باركيز، هنرى بامفورد، ٢٠١٣: تاريخ الولايات المتحدة الامريكية: تممد أوروبا(المرحلة الممهدة لاكتشاف العالم الجديد) حتى المثالية الاجتماعية ١٤٩٢- ١٨٥٠، ت: د. علي البدري، بيت الحكمة، بغداد.
٤ـ بينية، ستيڤن ڤنسنت، ١٩٤٥: أمريكا، ت: عبدالعزيز عبدالمجيد، القاهرة .
٥ـ ديورانت، ويل وايريل، ١٩٨٨: قصة الحضارة، ج٣، مج٦، ت: عبدالحميد يونس، دار الجبل، بيروت.
٦ـ حاطوم، نورالدين، ١٩٦٨: تاريخ العصر النهضة الاوروبية، دار الفكر الحديث، لبنان.
٧ـ خليل، د. نبيل خليل، ٢٠٠٦: أمريكا بين الهنود و العرب، دار الفارابي، بيروت.
٨ـ رستم، سعد، ٢٠٠٤: الفرق و المذاهب المسيحية منذ ظهور الاسلام و حتى اليوم، دار الاوائل للتوزيع و النشر، دمشق.
٩ـ زيادة، فرحات و ابراهيم فريجي، ١٩٤٦: تاريخ الشعب الامريكي، مطبعة جامعة برنستون، برنستون .
١٠ـ شكرى، محمد فواد و محمد أنيس، ١٩٥٦: أوروبا في العصور الحديثة، ج١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة .
١١ـ صالح، محمد محمد، ١٩٨٢: تاريخ أوروبا في عصر النهضة و حتى الثورة الفرنسية ١٥٠٠- ١٧٨٩، دار الجاحظ، بغداد.
١٢ـ فيدرمان، ميربستي، د. ت: موجز التاريخ الامريكي، د. م .
١٣ـ نوار، عبدالعزيز سليمان و د. محمود مجمد جمال الدين، ٢٠٠٥: تاريخ الولايات المتحدة الامريكية في القرن السادس عشر حتى القرن العشرين، دار الفكر العربي، القاهرة .
١٤ـ هريدي، د. صلاح أحمد، ٢٠٠٠: دراسات في التاريخ الامريكي، دار الوفاء، الاسكندرية .

**دووەم: بە زمانی ئینگلیزی.**

1- Asokan، N، 2005: A stady of American History، Thanjavur.
2- Beard، Charles. A and Mary R. Beard، 1921:History of the United states، The Macmilan Company، NewYork .
3- Brady، Marion and Howard Brady، 2015: Investigating American History، North Indian .
4- Craven، W.F، 1949: The Southaern Culonies in the Seventeenth Century 1607- 1689، NewYork .
5- Dunstan، J.Lesile، 1962: Protestantism، George Brazille، Inc، NewYork .

6-Hayes، Carlton. J.H، 1963: A Political and Cultural History of Modern Europ، Vol. I، Macmillan Company، NewYork.
7-Jackson and Others، 1966: The New Schiff- Herzog Encyclopedia of Rellgious Knowledge، Vol.IX، Michigan.
8- Weinberg، Meyer، 2003: A Short History of American Capitalism، Massachusetts.
9- Osgood،H.L، 1964: The American Colonies in the Eighteenth، NewYork.
10-U.S.A.History in Brief،2009: English Series، Washington.
11-Zinn،Howard، 1999: A Peoples History of the United State 1492- Present، NewYork .

**سێیەم: بە زمانی کوردی.**

١ـ ئەحمەد، سامان حوسێن، ٢٠٠٧: ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا(ئابوری، کۆمەلآیەتی، سیاسی)، دەزگای موکریانی، هەولێر.
٢ـ دارک، سیدنی، ٢٠٠٢: مێژووی ڕێنسانس، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی.
٣ـ زەینەل، ئاراس فەریق، ٢٠١٠: مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، سلێمانی.
٤ـ سەبعاوی، د. عەونی عەبولرەحمان، ٢٠١٠: مێژووی ئەمریکا (نوێ و هاوچەرخ)، و: د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسور، دەزگای ڕۆژهەلآت، هەولێر.

٥ـ نورائی، فریشته، ٢٠٠٧: مێژووی گۆڕانکاری کۆمەلآیەتی و سیاسی ئەمریکا، و: هەورەمان فەریق کەریم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
٦ـــ هەروتـــی، د. ســـەعدی عوســـمان،٢٠١٦ :مێـــژووی ویـــلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ( لە دەستپێکەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، هەولێر.

**چوارەم: ئەنتەرنێت.**

1-Lars، Martens : A Summary of U.S.History ( Owl- On line Smiley 0524@ Owl- On line.de) .
2-Out line of U.S.History،2005.http//USinfo. State.gov.

## ملخص

# تاثير المعتقدات الدينية في تأسيس و انشاء المستوطنات في الولايات المتحدة الامريكية ١٦٠٠- ١٧٣٢

المعتقدات الدينية في أشكالها المتعددة شكلت احدى الاسباب الفعالة في هجرة الالاف من الاوروبين الى أمريكا و انشاء المستوطنات المبكرة، لذا تناولنا في هذه الدراسة تأثير المعتقدات الدينية في انشاء و تطور المستوطنات في الولايات المتحدة الامريكية (١٦٠٠- ١٧٣٢) باسبابها و أحداثها و نتائجها، وهي محور الاحداث و التغيرات التي شهدتها أمريكا منذ مطلع القرن السابع عشر.

وتعد المعتقدات الدينية بتأثيراتها السلبية و الاجابية من الموضوعات الحيوية والشيقة في تاريخ الولايات المتحدة الامريكية، وقد تميزت هذا التاريخ بالتغيرات و التطورات الكبيرة في كل ميادين الحياة المختلفة، لذا حاولنا في دراستنا هذه ربط تلك التغيرات بتأثير المعتقدات الدينية و دور زعماء و رواد هذا المعتقدات.



## Abstract

Religious belief in Multiple from Formed an effective reasons in migration of thousands of Europeans to American and Created early Settements.

This dissertation is study about effects Religious beliefs in the Creation and development of settements in U.S.A(1600- 1732) And the causes and events and their results . It thaxis of the events and changes in American since the early Seventeenth Century . Religious beliefs and is Positive and Negative effects of subjects Vitality in American history، This date has been marked by great changes and developments in all field of life . So we tried in this study to link those changes and the effects of religious beliefs and the role of the leaders of these beliefs